# میر عوسمان پاشا بەدرخان

## دوو تەقەلا لەپێناو ژیانەوەی میرنشینی بۆتان و دامەزراندنی دەوڵەتی دەستووریی سەربەخۆی کوردستان



نووسینی: پرۆفیسۆر. دکتۆر یاسین سەردەشتی

زانکۆی سلێمانی ٢٠٢٠

## پێشەکیی:

خوێنەری ئازیز، ئەم نووسینەی بەردەست تیشکخستنە سەر هەوڵ و چالاکییە سیاسیی و سەربازییەکانی یەکێک لەکوڕەکانی میربەدرخانی میری بۆتانە، ئەویش میر عوسمان پاشایە، ئەو میرەی کە لەدوو قۆناغی جیاوازدا، لەکۆتایی حەفتاکانی سەدەی نۆزدەیەم و هەروەها لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، هەوڵیداوە رێبەرایەتیی نارەزایەتیی خەڵکی کوردستان دژی حکومەتی عوسمانیی و سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بکات. ئەم نووسینە، وردەکاریی ئەو هەوڵانە دەخاتەبەرچاو بەپشتبەستن بەچەندین سەرچاوەی مێژوویی بڕواپێکراو و هەروەها چەندین رۆژنامەی بیانیی وجیهانیی، کە پێشتر لەلایەن بایەخدارانەوە زۆر قسەی لەسەر نەکراوە. هەروەها دەقی ئەو چاوەپێکەوتن و دیدارانەی بۆ یەکەمجار بڵاوکردۆتەوە، کە لەکاتی سەردانی عوسمان پاشا بۆ لەندەن، لەگەڵ پەیامنێری رۆژنامەیەکی فەرەنسیی و ئینگلیزییدا کردوونی و هەوڵیداوە پوختەی ئەو دیدارانەش بەکورتیی شرۆڤە بکات.

لەراستییدا، پێمانوایە بایەخی ئەم نووسینە لەرووی مێژووییەوە لەوەدایە کە چەندین لاپەڕەی شاراوەی لەژیانی عوسمان پاشادا و هەروەها لەمێژووی خەباتی بنەماڵەی بەدرخانییەکان دژی دەسەڵاتدارانی بابی عالی، خستەبەرچاو و مێژووی کوردیی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بەچەندین لاپەڕە و وردەکاریی نوێ دەوڵەمەند کردووە، هەربۆیە دڵنیاین کە بەهاو بایەخی خۆی دەبێ و بۆ خوێنەران و خوێندکارانی میژووی کورد و مێژووناسان سوودبەخش دەبێت. هەر بژین.

پرۆفیسۆر دکتۆر یاسین سەردەشتی
بەشی مێژوو/ زانکۆی سلێمانی
٧ی تەموزی ٢٠٢٠

## دەروازە

ئەگەر نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم لەمێژووی کوردو کوردستاندا، قۆناغێکی داکشان و ئاڵۆزیی و لەناوچوونی دەسەڵاتی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و لاوازیی ئابووری بێت، کە لوتکەی نەهامەتییە سەرەکییەکانی خۆی لە رووخاندنی میرنشین و دەسەڵاتە خۆجێیە مێژوویەکانی مەڵبەندەکانی کوردستانی وەک بابان و سۆران و بۆتان و هەکاری و بادینان و بدلیس..هتد دەبینێتەوە، ئەوا نیوەی دووەمی ئەم سەدەیە، قۆناغێکی فرە مەترسییدارترو تاریکترو پڕنەهامەتیی و ئاڵۆزتری بۆ خەڵکی کوردستان هێنایەپێش، کە ئاکامی خەتەرناکی لێکەوتەوەو چارەنووسی وڵاتەکەو خەڵکەکەی رووبەڕووی کێشەو قەیرانگەلێکی لەچارەنەهاتوو کردەوە.

وەک لەچەندین بابەت و بۆنەی جیاوازدا وتومانە کە رووخاندنی میرنشینە کوردییەکان، سەرەتای زنجیرەیەک نەهامەتیی و کەوتنەوەی گرفتی گەورەبوون لەکوردستان و تەواوی ناوچەکەیان رووبەڕووی ئاستەنگ و شڵەقاندن و قەیرانگەلێکی قووڵ کردەوە، بەوهۆیەی ئەو دەسەڵاتە مێژووکردە خۆجێیە خۆماڵییانە لەپرۆسەیەکی درێژخایەنی سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا خولقابوون و بەئەندازەی پێویست توانیبوویان هاوسەنگیی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووری و فەرهەنگی لەکۆمەڵگای سروشتی و ساکاری کوردەوارییدا رابگرن و ئاشتیی کۆمەڵایەتیی و پێکەوەژیان و ئاسایشی هەرێمەکانی وڵات لەشێوە ساکارەکەیدا فەراهەم بکەن. هەربۆیە رووخاندنی لەناکاویان بەهۆکارێکی دەرەکیی کە پەلاماری لەشکری تورکیی عوسمانیی بوو بەئامانجی چەسپاندنی سیاسەتی ناوەندگەرایی سیاسیی و ئیداریی و داڕووتاندنی راستەوخۆی ئابووری ناوچەکە، بۆشاییەکی گەورەو لەرزەیەکی توندی لەپەیکەرو رەوشی گشتیی ناوچەکە وەشاند کە دەرگای چەندین قەیران و وێرانکارییەکی گشتگیریی بەرووی کوردستاندا کردەوە.

دەوڵەتـــی عوســـمانیی، وەک داگیرکەرێـــک ( هەروەهـــا ئێرانـــی قاجارییش بەهەمان شێوە لەبەشی رۆژهەڵاتی کوردستاندا کە ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمە نییە)، پاش رووخاندنی میرنشینە کوردییەکان و راگواستنی تـوێژی بـاڵای دەسـەڵاتداریی سیاسیی و کـۆمەڵایەتیی لەکوردستان بۆ نـاوچە و ناوەندە دووردەستەکانی وەک ئەستەمبوڵ و کریتـی یۆنـان و بەغـداو شـام و لەنـاوبردنی هەنـدێکیان، وەک میـرە کۆرەی رەوانـدوز لەنیسانی ساڵی ١٨٣٧دا، هەروەهـا قەدەغەکردنـی گەڕانەوەی ئەوانـی تریـان، وەک ئەنـدامانی بنەماڵەی بەدرخـان بەگـی بۆتان، پاش شکستی جوڵانەوەکەی و تەسلیمبوونیان لەئابی ١٨٤٧دا، بۆخـۆی نە مەبەسـتیبوو، نە لەتواناشـیدا بـوو، لەچوارچێوەی ئیـدارەو سیستمێکی تۆکمەی جێگیرو کاراو دادپەروەردا، لانیکەمی ئاسایش و ئـارامیی نـاوچەکەو دۆخـی ئـابووری و بژێـوی خەڵـکەکە و ئاشـتیی کۆمەڵایەتیی دابینبکات و ئایندەی ناوچەکە لەچێوەیەکی بونیـادنەرانەدا ئاراستەبکات، بەڵکو لەسایەی دەسـەڵاتێکی داگیـرکەرو داروتێنەری دەوڵەتێکی گەندەڵ و شکستخواردوو و پەکـکەوتەو قەیرانزەدەی وەک ئیمپراتـــۆری عوســـمانییدا، ئەوەی روویـــدا تەواو پرۆســـەیەکی شێوێنەرانەو کاولکارانەو رووخێنەرانە بوو.

شایەنی وتنە، کوردستان لەتەواوی ئەم قۆنـاغەدا، واتە هەر لەدوای رووخاندنی میرنشینەکانەوە، تاوەکو رووخـاندنی دەوڵەتـی عوسمانیش پاش یەکەمین جەنگی جیهانیی ، بۆ یەک سات ئـارامیی و جێگیریـی و ئاسـایش و خۆشـگوزەرانیی بەخـۆیەوە نەدیـوە، کوردسـتان و خەڵکەکەی، جگە لەوەی لەسایەی هێزی سەربازیی داگیـرکەرو دەزگـا ئیـدارییە گەنـدەڵ و بەرتیلخـۆرو شکسـتخواردووەکەی عوسـمانییدا، لەژێـر فشـاری سـەرکوت و باجسـەندن و پشتگوێخسـتندا دواڕادە چەوساوەبوون، کۆمەڵێک کێشەو قەیرانی گەورەو نوێشی هاتەپێش کە تائەو کاتە بەوشێوە زەق و کاریگەرە دەرنەکەتبوو، ئەویش دەرکەوتنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی زلهێزی وەک بریتانیا و فەرەنسا و روسیاو پاشـتریش ئەڵمانیـاو نەمسـاو مەجەرو ئەمریکـا لە ئیمپراتـۆریی عوسـمانیی و کوردسـتان و تەواوی رۆژهەڵاتـی ئاسـیای بچـووک و

توندوتیژبوون و پێکدادانی بەرژەوەندیی سیاسیی و ئابووری و ستراتیژیی و بازرگانیی ئەو وڵاتانە لەناوچەکە، رەوشی گشتیی کوردستانی شڵەقاوترو شێواوترو بارگاویتر بەرەگەزی نەرێنیی دەکردو لەتەواوی قەیرانە کۆن و نوێیەکانی ناوچەکەوەی تێوەدەگلانن. بەتایبەت، کاتێک روسیای قەیسەری سیاسەتی فراوانخوازیی لەهەمبەر ئیمپراتۆریی عوسمانیی و کوردستان و ئاسیای بچووک گرتبووەبەرو ماوەماوە جەنگی دەرەکیی بەسەر دەوڵەتی لاوازو گەندەڵی عوسمانییدا دەسەپاند و لەم جەنگانەشدا بەرەیەکی سەرەکی شەڕو پەلامارو لەشکرکێشییەکان بەکوردستاندا تێدەپەڕیی و لەوێدا دەقەوما، بەتایبەتی شارە و ناوەندە کوردییە سەرەکییەکانی وەک قارس و ئەردەهان و بایەزیدو ئەرزرۆم..هتد دەبوونە ناوەندو گۆرەپانی شەڕو کوشتارو گەمارۆ و وێرانکاریی و کاولکاریی و لەناوچوونی دانیشتووانەکەی و کەوتنەوەی برسیتیی و هەژاریی و ماڵوێرانیی و پەتاو نەخۆشییە کوشندەکانی وەک تیفۆو تاعونی رەش،ئاکامێکی راستەوخۆی جەنگەکان و رووداوەکانی بوون.

شایەنی باسە، دەوڵەتی عوسمانیی پاش رووخاندنی میرنشینەکان و ئەو زەبرو زۆرەی سەرکردە سەربازییەکانی وەک رەشیدپاشا و عوسمان پاشا دژی خەڵکی کوردستان نواندیان، نەیانتوانی هەرگیز بەتەواوەتی لەرووی سەربازییەوە دەسەڵاتی تەواوی دەوڵەت بەسەر ناوچە سەختەکانی کوردستاندا بسەپێنن و ئیدارەیەکی ناوەندگەرای تۆکمەی دەوڵەتیی لەو ناوچانە دابمەزرێنن، هەر چەندە دەوڵەت هەوڵیدا لەوبوارە پەنا بۆ هێنانی توندوتیژترین و دڵڕەقترین فەرماندە سەربازییەکانی لەشکرەکەی ببات لەپێناو چەسپاندنی ئارامیی و دەسەڵاتی دەوڵەت لەکوردستان، کە یەکێک لەوانە بەرەگەز کوردیشبوو بەناوی (ئیسماعیل حەقی پاشا)[1]، بەڵام هێشتا ئەو

[1] ئیسماعیل حەقی کوڕی شەریف بەگ و لەکوردەکانی قارس بوو، لەساڵانی سییەکانەوە وەک سەربازو دواتر باجگر تێکەڵ بەئیدارەو خزمەتی دەوڵەت ببوو، دواتر بەشداری شەڕی قرەمی کردو لەهێزەکانی فیرقەی ئیسلاحییە لەساڵی ١٨٦٣دا، بەشداریی کرد.سوڵتان لە ساڵی ١٨٦٨دا، ناوبراوی کردە والی دیاربەکرو بۆ ماوەی ٧ ساڵ و نۆمانگ لەوێ مایەوە تا ساڵی ١٨٧٥و پاشتر لە ١٨٧٦دا، کردیانە والی ئەرزڕۆم.

دەســەڵاتەی دەوڵەت لەرزۆک و نــاجێگیر بــوو، بەشـێوەیەک لەکــاتی دەرکەوتـی قەیـرانە هەرێمییەکـان و جەنگەکانـدا، بـوون و ئاینـدەی ئەم دەسەڵاتەی دەوڵەت لەکوردستان دەکەوتە مەترسییەکی جدییەوە.

لەڕاسـتییدا، چ کـۆمەڵانی خەڵکـی کوردسـتان کە خۆیـان لەخـێڵە کۆچەرو نیمچەکۆچەرەکان و دانیشتووانی نیشتەجێی شارو لادییەکـان دەبینییـەوە، چ سـەرەکخێڵ و ئاغـاو شـێخەکانی کـورد، بەتایبـەت لەناوچـە شاخاوییە دوورەدەستە سەختەکان، کە بە بەهێزیی و تۆکمەیی مـابووونەوە و خاوەن فەرمانڕەوایەتیی راستیینەی بەشێکی بنەڕەتیی ناوچەکە بوون، رقیـان لەبــوونی ســوپاو ئیــدارەی گەنــدەڵ و فشــارهێنی تــورکی عوســمانیی لەناچەکانیــان دەبــۆوەو دژی ناوەنــدگەرایی دەوڵەتیــی و بــوونی پایەکــانی حکـومەتی بیرۆکراتیـی بێـزراو بـوون و فـرە بەپەرۆشـبوون تـاوەکو هەر دەرفەتێـک بـۆ دامـاڵینی خۆیـان و ناوچەکانیـان لەو دەسـەڵات و بـارگرانییە

ئیسماعیل حەقی بە دانپێدانانی مێژوونوسانی روسی وەک خالفین و لازاریف، زۆر بەتوندی بەگژ خێڵە کوردییە یاخییبووەکاندا چووەوەو دژی هەموو ئەو کوردانە کەوتەکار کە دژی چەسپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەت بوون لە کوردستان. ئەو بە دڵڕەقیی و زبردەستیی و خوێنڕێژییەکی گەورە لەکوردستان ناویدەکردبوو. بەشێوەیەک رۆڵێکی گەورەی لە جێبەجێکردنی سیاسەتی عوسمانیی و جێگیربوونی دەسەڵاتەکەی لەدوورترین ناوچەی کوردستاندا گێڕا.
ناوبراو ئەو کاتەی لەدیاربەکربوو، ماشێنێکی چاپی بردە ئەوێ و بەزمانی تورکیی ، رۆژنامەی "دیاربکر" ی لەساڵی ١٨٦٩دا، بڵاوکردەوەو هەوڵیدا دیاربەکر بکاتە سەنتەری جێبەجێکاری هەڵمەتی سەپاندنی سەنترالیزم و جیگیرکردنی چنگی دەوڵەت بەسەر تەواوی کوردستاندا. جگە لەوە، ئیسماعیل حەقی پاشا، رۆڵێکی بەرچاوی لە پەیوەندیگرتن و هاندانی شێخ و سەورۆکخێڵ و دەرەبەگە دەوڵەتپەرستەکانی کوردەوە هەبوو، بۆئەوەی رەشورووتی کورد لەتیپ و هێزی سەربازیی چەتەگەراییدا کۆبکەنەوەو لەشەڕی داهاتووی رووس-عوسمانی لە ١٨٧٧-١٨٧٨ بەناوی پیدانی بەرات و موچە و پایەی سەربازیی و چاوپۆشی لەتاڵانییکردن، بەشدارییان پێبکات. ئەوەیماڵوێرانییەکەی گەورەی بەسەر کوردستاندا هێناو جگە لەوێرانبوونی گوندو شارەکانی، بەشێکی گەورەی ناوەندی دانیشتوانەکەشی وەک قارس و بایەزیدو تەنانەت ئەرزڕۆمیش کەوتنە بەر پەلاماری سوپای رووسی و کوردیان گلاندە جەنگێکە کە هیچ سوودییکی بۆی نەبوو، ئەوەی دۆخیکی نالەباری لەکوردستاندا لەدواچارەکی سەدەی نۆزدەیەمدتا هینایەکایەوە.شایەنی باسە، دەسەڵاتدارانی عوسمانیی لەپای ئەو خزمەتە گەورەیەی ئیسماعیل حەقی بە دەوڵەت و جێگیرکردنی دەسەڵاتەکەی لەکوردستان، بانگیان کردە پایتەخت و لەوێ نیشان و میدالیایان پێشکەشکردو سوپاسیانکرد. ناوبراو لە ٢٢ی فێبرایەری ١٨٩٧دا، لەسکوداری ئەستەمبوڵ مرد.

بقۆزنەوە . ئەم توێژە باڵادەستەی کۆمەڵگای کوردیی، لەبەرامبەر دەوڵەتدا



کورد ئیسماعیل حەقی پاشا

( برنجی سنه )

# دیاربکر

( نومرو ) ۲

— وقایعنامهٔ رسمیٔ ولایت —

( جمادی‌الاولی ) ۲ ( سنه ) ۱۲۸۶ — صالی — ( تموز ) ۲۹ ( سنه ) ۱۲۸۵

( اشبوغزته هفته‌ده بردفعه چیقار ، برسنه‌لکی ( ۷۰ ) والتی آیلغی ( ٤٠ ) غروش‌وهر نسخه‌سی ( ٦٠ ) پاره‌یه‌در )
( داخل ولایتدن ماعدا محللر ایچون بوفیئاته پوسته اجرتی ضم اولنور )

## وقایع ولایت

جنتمکان غازی سلطان سلیمان خان افندمز حضرتلرینک مبرات جلیله‌لرندن معدود اولمق اوزره اوچ اوچ بچق ساعت مسافه‌سی اولان کوزلی قریه‌سندن ( دیاربکر ) ه جاری اولان حمروات اولان صوینک یوللری پك چوق سنه‌لردن برو کرکی کبی تعمیر کورمامش اولدیغندن صوینك نصفی مقداری مملکته یتشمکسزین مجرای قدیمندن چیقه‌رق شورایه بورایه دوکلمکده ایدی

ومجرانك شوفنالغنه انضمامنده کمه اراضی اصحابنك جریان ایدن بعض حالات وخیدلری دخی منصب اوله‌رق یعنی صوینك خیلیجه‌سی اصحاب مرقومه‌نك غدر و طمعلرینه دوکیله‌رك آنکله منافع شخصیه بی موجب اولان زراعت اجرا ایدلمکده وموسم صیفك شدتنده اهالیٔ مملکت صوسزلقدن مضطرب اولمقده ایدی فی الواقع امور نافعهٔ زراعتك تکثری زیاده‌سیله آرزو اولنور ومرضیٔ حکومت دخی بوکا تعلق ایدر ایسه‌ده بربلدهٔ جسیمه اهالیسنك قوهٔ حیاتیه سنه معادل اولان ماء لذیذ مذکور اشخاص معدوده‌نك انتفاع ذاتیلری یولنده تلف اولمسی واهالینك یاز کونلرنده صوسزلقدن ضرورت چکمسی بر وجهله تجویز اولنه مدیغندن ومجرایه جوار اولان نهر جدید نام حرقی تشکیل ایدن صو دخی شومجرادن اطرافه انشعاب ایده‌کلان صولر اوله‌رق نهر مذکورك اندن استفاده سیده خیلوجه سوء استعمال تحدثنه باشلوجه سبب اولدیغندن مجرانك غایت قوی تعمیر ایله صوتلف اولمقسزین کاملاً مملکته اساله ونهرك اندن استفاده‌سنه سبب اولان عوارض مضره‌نك دخی کلیاً امحا وازاله اولنمسی خصوصی کچن سنه عقد اولنان مجلس عمومیده قرارلشدریله‌رق اولبابده تعیین اولنان مأمورلرك اجرا ایلدکلری کشف متضمن ویردکلری دفترده بوتعمیر ایچون اون اوچبوك غروش مصرف اختیارینه لزوم کوسترلمش وتعمیر یولنده صرف اولنه جق اقچه‌نك امر تسویه‌سی ایسه صودن دائمی صورتده انتفاع ایدنلره عائد اولمق جهتیله بوبك ایچون خزینهٔ جلیله‌یه مراجعه محل ومناسبت کوریله مدیکی کبی کشف دفترینك ناطق اولدیغی مقدارك کلیته نظراً بونده اهالیجه اعانه صورتنده دخی خیلوجه مشکلات کوریلوب فقط رشدیه مکتبی دخی طفسان شوقدر بیك غروشه کشف اولنمشیکن اندن چوق اشاغی مصرفله یاپدیرلمش اولمسنه باقیلنجه بونده دخی

خوازیــاری پاراســتنی دەســەڵاتی لۆکــاڵیی و خــۆجێی خۆیــان بــوون و لەنێوخۆشــدا خوازیــاری پاراســتنی جیاوگــە کۆمەڵایەتییــەکانیان و مافــە چینایەتییــەکانیان بــوون لەهەمبــەر رەعیــەت وجووتیــاران و نیشتەنییەکاندا. جێبەجێکردنی ئەرکە چینایەتییەکان و پابەندبوون پێیەوە لەلایەن دەستوپێوەندو رەعییەتەکانیانەوە، بابەتگەلێك بوون کە لەلایـەن ئـەم تـوێژەوە هـیچ سازش و وازلێهێنـانێکی هەڵنـەدەگرت، بەتایبـەت وەرگرتنـی بـاجی دەیـەك و بێگاریی جووتیاران و وەرگرتنـی بزنانـەو پوشانەو رۆنانەو هێلکانەو گوریسانەو سەرانەو سورانەو ..هتد.

هەربۆیە لەخۆڕا نییە، کە پاش هەر قەیرانێکـی جدیی لەناوەنـدی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتەکە، یاخود هەر جەنگێکی دەرەکیی عوسمانیی لەگەڵ وڵاتـانی دراوسـێی وەك ئێـران و روسـیا، ئەگەری تەقینـەوەی دۆخەکەی کوردســتان و هەڵگیرســاندنی راپەڕینیەکــان و پشــێویی رەوشی گشتیی ناوچەکە ئەگەرێکی چاوەڕوانکراو و بابەتێکی جێگای مەترسیی و دڵەڕاوکێی دەوڵەت بوو. نموونەی مێژوویش لەو بارەیەوە زۆرن، هێشتا چەند ساڵێکی کەم بەسەر رووخاندنی میرنشینی بۆتان و هاتنی ئیدارەی ناوەندیی عوسمانیی بۆ کوردستان تێپەڕی نەکردبوو، کاتێــک جەنگــی قیــرم (١٨٥٣-١٨٥٦) روویــدا، کوردســتان بــووە مەیدانی راپەڕینێکی گەورە بەرێبەرایەتیی یەزدانشێر کە نـاوچەیەکی بەرفراوانــی گــرتەوەو ناوەنـدەکەی نـاوچەی بۆتـان بوو- بەشێوەیەک ئەگەر ئینگلیزەکــان و رووســەکان لەو کــاتەدا بــێلایەن بوونــایە، زۆر گرانبــوو بــۆ عوســمانییەکان ســەرکەوتن بەســەر ئەم راپەڕیــنەدا بەدەستبێنن. شایەنی باسە، پاش هەموو راپەڕین و سەرکوتێکی نوێ، وێرانکاریی و کاولکاریی و کوشتاریی زیاتر لەسەر خاکی کوردستان روویدەداو ئەوەش دەبووە سەرچاوەی قووڵبوونەوەی کێشە کەڵەکەبووە کۆنەکان و دەرکەوتنی قەیرانگەلی نوێی ئەوتۆ، کە تادەهات رەوشـی نــاوچەکەی ناســەقاگیرترو شـڵەژاوتر دەکـردو ئاینـدەی ناوچەکەشــی بەرەو تــونێلیکی تــاریکتر دەبــرد. بەتــایبەت لەم قۆنــاغەدا جــگە لەتوندبوونەوەی ململانێی بەرژەوەندییە دەرەکییەکان و فشاری وڵاتە زلهێزەکـان بـۆ دەسـتکەوتنی بەرژەوەنـدیی بازرگـانیی و ئیمتیـازاتی

چەور لەرووی دەرەکییەوە، برسێتی و نەخۆشیی و هەژاریی خەڵکی ناوچەکەش دەرگای لەسەر رووی چەندین ناکۆکیی نێوخۆیی و توندوتیژیی و جەنگی نێوان خێڵەکان و پەلاماری خێلەکان بۆ سەر نیشتەنییەکان و دیاردەی دزیی و جەردەیی و راورووت و دوژمنایەتیی و تۆڵەسەندنەوە دەکردەوە، هەتا گەیشتە سەر تێکچوون و لاوازبوونی ئاشتیی کۆمەڵایەتیی و بڵاوکردنەوەی دەمارگیریی مەزهەبیی و پێکدادان لەگەڵ کەمینەکان لەناوچەکە، بەتایبەت لەگەڵ ئاسوریی و ئەرمەنەکان.هەر لێرەدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەو راستییەش بدرێت، کە هەولەکانی ئێران و عوسمانیی بۆ دیارییکردن و توندکردنی سنوری نێوانیان و سنوردارکردنی هاتوچۆی وەرزی خێڵە کوردییەکان بەرەو کوێستانەکانیان و دەستگەیشتنیان بەلەوەرگاکانیان، ئەگەری کەوتنەوەی برسێتی و پێکدادانی ئەو خێڵانەی لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەت و هەروەها نیشتەنییەکانیش و دیارەدەکانی دەستدرێژیی و کەوتنەوەی راورووتی زێدەتردەکرد.

هەر لەم رووەوە، دەبێت بوترێت کە خولیاو ئامانجە فراوانخوازییەکانی روسیای قەیسەریی لەسەر حیسابی دەوڵەتی عوسمانیی و دواجار هێرش و پەلامارەکان و ئەو جەنگانەی کە روسیا لەسەرەتاو ناوەڕاستی و دواچارەکی سەدەی نۆزدەیەمدا دژی ئیمپراتۆرییەکە هەڵیدەگیرساندن، نەك هەر بەزیانی مادیی و مرۆیی و مەعنەویی گەورە و سەپاندنی چەندین رێکەوتننامەی شکۆشکێنانەو نابەرابەری لەدژی عوسمانییەکان لێدەکەوتەوە، بەڵکو زەمینەیەکی فرە لەباریشی بۆ دەستێوەردانی زیاتر لە کێشە نێوخۆییەکانی ئیمپراتۆرییەکە دەرەخساند، کە تادەهات هەلومەرجەوم قەیرانەکانی قووڵتر دەکردەوە و سەرئەنجامیش بەلەدەستدانی زیاتری سەروەریی و دابڕینی زێدەتری خاکی ئیمپارتۆریی عوسمانیی کۆتاییدەهات و دەرفەتگەلێکی زیاتری لەبەردەم ئەو زلهێزانە دەرەخساند کە دەستوەردانی زیاتر بکەن و پیلانی زیاتر بۆ هێنانەدی بەرژەوەنییەکانیان دابڕێژن، وەك ئەوەی لەبەلقان و بەشی رۆژئاوای ئیمپراتۆرییەکە روویدا، بەشێوەیەك هێشتا خۆری سەدەی نۆزدە تەواو

ئـاوا نـەببوو كـە دەوڵـەتی عوسـمانیی تـەواوی بەشـی ئـەوروپیی ئیمپراتۆرییەکەی لەدەستدا و یەك بەدوایەکی گەلانی ئەو ناوچانە پاش زنجیرەیەك ململانێ و پیکدادانی خوینایی، جیابوونەوەو سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند، کە دواهەمینیان بولگارییەکان بوون.

کاریگـەریی جـەنگی روسـیی-عوسـمانیی (1877-1878) لەسـەر ئیمپراتـۆریی عوسـمانیی وێرانکـەربوو، بەشـێوەیەك نـەك دەرئەنجامەکـەی بەتـەنیا بووەهـۆی لێـدانی گـورزی کەمەرشـکێن لەخـەونی چاکسـازیی و بوژانـەوەی ئیمپراتۆرییەکـەو هێنانـەدی جێگیریی سیاسی و ئابووری و ناچارکردنی دەوڵـەتی عوسمانیی بۆ رازییبـوون بـە لەدەسـتدانی تـەواوی قەڵـەمڕەوەکـەی لەبـەلقان، بـەڵکو بەشـێکی هـەر گـەورەی رووداوەکـانی جـەنگ، لەبـەرەی بـاکوری رۆژهـەڵاتی ئیمپراتۆرییـە، لـە بـاکووری رۆژهەڵاتـی کوردسـتانی عوسـمانیی بەتـایبەت قـارس و ئـەرزڕۆم و ئەردەهانـدا روویانـداو پاشـتریش ئـەم ناوچەیـە بـووە ناوەنـدی ململانـێ و چـاوتێبڕین و چڕبوونەوەی پیلانەکانی وڵاتانی ئـەوروپیی بەرژەوەندییدار بۆ زیـاتر فشارخستنەسـەر دەوڵـەتی عوسمانیی. ئـەوەش نـەك هـەر بـووە هـۆی گـۆڕانی جەوهـەری لەپێکهاتـەی دانیشـتووانی ئیمپراتۆرییەکـە و لەدەسـتدانی زۆرینـەی دانیشـتووانە کریسـتیانییەکەی لەبـەلقان و تێکچوونی هاوسـەنگیی بـەلای پێکهاتـە موسوڵمانەکەی دانیشـتووان‌دا، بەڵکو تۆوی ناکۆکیی و پەرتبوون و ورووژان و دابڕان و پێکدادانیشی بـۆ بەشـێکی هەسـتیاری ئیمپراتۆرییەکـە لـەباکووری رۆژهـەڵات گواستەوە، کە بەهیچ جۆرێك چاوەڕیی ئایندەیەکی گەشی لێ نەدەکرا.[2]

ئاشکرایە، پاش ئەوەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، هاتەسەرتەختی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەکە لەساڵی ١٨٧٦دا، دۆخێکی شێواو لەوڵاتدا بەرقەراربوو. بەهۆی شکستی تەنزیمات و دەستێوەردانی دەرەکیی و جوڵانەوەی هەرێمەکان دژی دەوڵەت و لاوازیی پێگەی سوڵتان و زێدەبوونی قەرزە دەرەکییەکان و هەژمونی

[2] ئێریک جەی زوچەر، مێژووی چاوچەرخی تورکیا، وەرگێرانی: پرۆفیسۆر.ی.دکتۆر یاسین سەردەشتی، چاپی دووەم، سلێمانی،ل ل ١٢١-١٣٥.

بیرۆکراتی و بابی عالی بەسەر کۆشکدا، ڕەوشی گشتیی تادەهات لەپاشەکشێدا بوو، ئومێدێیش بە سەرکەوتن و بەرەنگاربوونەوەی قەیرانەکان لاوازبوو. هەربۆیە سوڵتان عەبدولحەمید بڕیارییدا چەندەی دەتوانێت هەوڵ بۆ بەهێزکردنەوەی پێگەی سەڵتەنەت و زیندوکردنەوەی هێزی مەعنەوی خەلافەت، هەوڵی زیندووکردنەوەی گیانی سەرخانی رژێمە کۆنەکە بدات بێئەوەی چاو لە ناوەندگەرایی و چاکسازییە ئابوریی و ئیدارییەکان بپۆشێت، بەتایبەت راکێشان و نزیکردنەوەی چینی باڵادەستی سونەتیی و داخستنی ئیمپراتۆرییەکە بەرووی دەستێوەردانی بێگانە و جەختکردنەوەی لەسەر پانئیسلامیزم و توندکردنەوەی جومگەکانی دەوڵەت و حکومەت بەپشتبەستن بەکۆمەڵێک کاربەدەستی گوێڕایەڵ و ملکەچ بۆ خودی سوڵتان. هەرچەندە سوڵتان لەقۆناغی یەکەمی دەسەڵاتدارییەتییەکەدا، کۆمەڵێک لەمپەری گەورەی وەک جەنگی روس و رێکەوتنامەکانی وەک سانستیڤانۆ و بەرلین لەدەرەوەو هەروەها جوڵانەوەکانی بەلقان و نفوزی کاریگەری هەندێک لەکاربەدەستە باڵاکانی بیرۆکراتییەت وەک میدحەت پاشا، لەناوەوە هاتەبەردەم، بەڵام وردە وردە بەسەریاندا زاڵبوو، توانی ئەو ئامانجانە بینیتەدی کە بۆخۆی پلان و پیلانی وردی بۆ دادەڕشتن.

سەبارەت بەکوردیش، سوڵتان عەبدولحەمید هەوڵیدا تاکو ئەوپەڕی سوود لەتواناو هێزی عەشیرەتە کوردییەکان و چینی باڵادەستی سونەتیی کورد، لەپێناو بەهێزکردنی دەسەڵات و پێگەی خۆی سیستمەکەی، دژی نەیارە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی، وەربگریت. بەڵام سوڵتان لەورووەوە، زۆر زیرەکانە هەڵدەسوڕاو هەمیشە دەیویست کە ئەو سوودوەرگرتن و راکێشانە بەجۆرێک بێت کە ببێتە بەهێزکەرێک بۆ سیاسەتی ناوەندگەرایی دەوڵەت و هیچ کات دەرەفەتی گەڕانەوەی دەسەڵاتی خۆجێیی هاوشێوەی سەردەمی میرنشینەکانی بەکورد رەوانەدەبینیەوەو بەتوندیی دژی هەر خولیایەکی بەو چەشنە هەڵوێستی وەردەگرت.



سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٩)

لەم سەربەنەوە، نزیکردنەوەو راکێشان و لەخۆگرتنی سیستمەکەی عەبدولحەمید، بۆ بەشێکی بەهێز لە بنەماڵەی بەدرخانییەکان لەئەستەمبوڵ و پێدانی دەسەڵات و پێگەی باڵاو پۆستی جۆراوجۆر بە بەشێک لە ئەندامەکانی، کە ئامادەبوون بە خزمەتکردنی سوڵتان و ئاراستەکەی، وەک : بەحری پاشا، نەجیب پاشا، عەبدولڕەزاق پاشا، عەلی شامیل پاشا، عوسمان پاشاو حوسێن کەنعان پاشا ..هتد، بەشێک لەو ئامانجەی کە لەپێناو راگرتنی هاوسەنگیی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و چەسپاویی دەسەڵاتی خەلافەت و سەڵتەنەت گیرابووەبەر.

لەکاتی هەڵگیرساندنی جەنگی روسیی-عوسمانیی لەنیسانی ساڵی ١٨٧٧دا، کوردستان بەدۆخێکی فرە سەخت و دژواردا تێپەڕیی. فەرماندەکانی سوپا وەک: موشیر شاکر پاشا ، موشیر سامیح پاشا و ئەحمەد موختارپاشا و ئیسماعیل حەقی پاشا، فەریق فایق پاشاو

هەروەها شەفیق پاشا، کەوتبوونەخۆو هەوڵیاندەدا چەندەی دەتوانن سوود لەتوانای مادیی و مرۆیی کوردستان وەربگرن بۆ رووبەرووبوونەوەی هێزەکانی روسیا و دابینکردنی هێزی شەڕکەرو پێویستییە خۆراکییەکان و ئازوقە بۆ لەشکرەکانیان لەبەرەکانی جەنگ و شارەگەورەکانی کوردستانیان وەک وان و ئەرزڕۆم و دیاربەکر، کردبووە ناوەندێک بۆ تەیارکردنی هێزو کۆکردنەوەی پێویستییەکانی بەرەی قەفقاس[3]. سوڵتانیش هەوڵیدا پەیوەندی خۆی بەو بژاردە کوردییەوە لەکوردستان و لەئەستەمبوڵ بقۆزێتەوە، کە کردبوونی بە بەشێک لەستراکتۆری دەسەڵات و سیستمەکەی، بۆئەوەی لەجەنگەکەدا پاڵپشتیی لەشکری دەوڵەت بن و لەکوردستان نفوزی خۆیان بۆ کۆکردنەوەی جەنگاوەری کورد بخەنەگەر بۆئەوەی وەک هێزی شەڕکەرو پاڵپشتیی، لەجەنگەکەدا دژی روسەکان بەکاریانبهێنن. هەر لەو پێناوەشدا بوو کە پاش دەستپێکردنی جەنگ، سوڵتان فەتوای جیهادی دژی روس راگەیاند تاوەکو هاندەرێکی مەعنەویی بەو تەیارکردنە بدات.

هەربۆیە بەشێکی بەرچاوی رێبەرانی کورد لەشێخ و بەگ و سەرۆکخێڵەکان و کەسایەتییە ناسراوەکانی وەک شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و جەلالەدین ئەفەندی و حەمزە ئەفەندی و هەروەها میرزابەگی موتکان و موسابەگی کوڕی، بەشێک لەکوڕانی بەدرخان بەگی بۆتان وەک عەلی شامیل و عوسمان بەگ و حوسین کەنعان ، جگە لەکوردانی دێرسم و سەرکردەکانی وەک نافیز بەگ و مەنزوربەگ و هەندێک لەخێڵەکانی کورد و ئێزیدییەکانی قارس کە مەیلی روسەکانیان هەبوو[4]، سەرەتا بەدەم بانگەوازی خەلیفەو داواکاریی دەوڵەتەوە رۆیشتن و کەوتنە کۆکردنەوەی دەستوپێوەندی

---

[3] بۆ زیاتر :
جليل جليلي ، من تاريخ الأمارات الكردية في الأمبراطورية العثمانية في النصف الاول من القرن التاسع عشر، ترجمة: محمد عبدو النجاري، بيروت، 1987، ص ص ٣٤-٣٥.

[4] Prof. Dr. Kezban ACAR, Imperial Rivalry between Russia and the Ottoman Empire over Kurdistan in the Nineteenth Century, H i s t o r y S t u d i e s, Volume 8 Issue 3, September 2016, p17.

خۆیان بەپشتبەستن بەو بەڵێنانەی  کە پێیاندرابوو بۆ دابینکردنی خەرجی جەنگاوەرەکانیان و لەبەرچاوگرتنی ماندوبوون و قوربانییەکان لەجەنگەکەدا، بەشێوەیەک بەشێک لەوانە رۆڵی بەرچاویان لەجەنگەکدا بینی و تائەوپەڕی توانای خۆیان لەشەڕەکاندا دژی روسەکان بوونەوەو لەشەڕەکانی بایەزید بەرگریی لە شاری ئەرزرۆمدا بەشداربوون. تەنانەت لەنێو کوڕانی بەدرخان بەگ، جگە لەعەلی شامیل کە بەسەختی لەجەنگەکەدا بریندارببوو، حوسێن کەنعانیش لەچەندین لای جەستەیەوە بریندارببوو، ئەو حوسێن کەنعانەی کە لەگەڵ عوسمان پاشای برایدا، لەژێر فەرماندەیی موشیر شاکر پاشادا بەچەند هەزار جەنگاوەری کوردەوە، بەشداریی جەنگەکەیان کردبوو.

وەک پێشتر وترا، کە کەوتنەوەی جەنگەکان و شکستی بەردەوامی ئیمپراتۆریی عوسمانیی لەو جەنگانە، ئاکامی مەترسیداریان بۆ سەرجەم هەرێمەکانی وڵاتەکە لێکەوتەوە، بەڵام کوردستان بەو پێیەی کەبەرەیەکی سەرەکیی جەنگ و ئیدارەیەکی فاسیدو لەرزۆکی تێدابو، لەو رووەوە پشکی شێری بەرکەوتبوو. برسێتیی و کەوتنەوەی پەتای تیفۆو زێدەبوونی فشاری دەوڵەت بۆ سەربازگیریی و باجسەندن و دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ئاژەڵ وخۆراک و ئازوقەی خەڵک، دۆخێکی مەترسیداری لێکەوتبۆوە کە کەوتنەوەی پشێویی و تەقینەوەی لێ چاوەڕواندەکرا.[5]

ئینگلیزەکان، کە لەجەنگی روسی-عوسمانییدا، بەتەواوەتیی لایەنگری عوسمانییەکان بوون و بەشێک لەئەفسەرەکانیان وەک لیمان پاشاو هیبارد پاشاو بێکەرپاشا و فالتۆرن بەگ..هتد، ناردبوو تاوەکو هاوکاریی هێزەکانی عوسمانیی بکەن و رێکیانبخەنەوە، لەم قۆناغەدا زۆر بەوردیی چاودێریی دۆخی شڵەژاوی کوردستانیان دەکردو زانیارییان کۆدەکردەوە. سەرکەوتنی روسەکان لەبەرەکانی جەنگ و داگیرکردنی بەشێک لەشارو خاک و قەڵەمڕەوی عوسمانیی، بەتایبەت

[5] خالفین، ن.أ، الصراع علی کردستان. المسأله الکردیة فی العلاقات الدولیة خلال القرن التاسع عشر، ترجمة: الدکتۆر احمد عثمان ابوبکر، مطبعة الشعب، بغداد، 1969، ص ص111-112.

لەبەرەی قەفقاس و کوردستان و هەروەها زێدەبوونی نفوزی روسی لەنێو کەمینە کریستیانییەکانی کوردستان بەتایبەت ئاسوریی و ئەرمەنەکان، پاش جێگیرکردنی بەندی ١٦ لەرێکەوتننامەکەی سانستیڤانۆ لە٣ی مارتی ١٨٧٨، کە داوای دامەزراندنی دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەرمەنەکان دەکرد، ئەوەی ئینگلیزەکانی فرە نیگەران کردبوو. چونکە ئەوان ئەم هەژمونەی روسیایان لە ناوچەکە بەگورزێك لە پەیکەری خۆیان و بەرژەوەندییەکانیان لەتەواوی ناوچەکە دەدایە قەڵەم کە لەزۆر رەهەندەوە زیانی بۆ بازرگانیی و ناوبانگ و پێگەی کۆلۆنیالییان لەناوچەکە و جیهاندا هەبوو، چونکە شارێگەی کاروانی بازرگانی ئێران و عوسمانیی بە ترابزۆندا تێدەپەڕی و بوونی روسەکان نەك هەر ئەو بازرگانییە، بەڵکو تەواوی باشووری بە کەنداویشەوە دەخستە مەترسییەوە. هەربۆیە بریتانیا زەمینەی کۆنگرەی بەرلین و پەیماننامەی بەرلینی لە 13ی یۆلیۆی 1878دا، رەخساند، کە تێیدا زامنی پاشەکشەی سوپای روس لەوناچانەدا کراو هەروەها بەگوێرەی بەندی 61ی پەیماننامەکە، دەبوو بابی عالی بێ دواکەوتن چاکسازیی لەدۆخی ئەو هەرێمانەدا ئەنجامبدات کە ئەرمەنیان تێدا نیشتەجێیە و زامنی ئاسایشی ئەرمەنەکان دژی دەستدرێژیی کورد و چەرکەسەکان بکات.[6]

هەربۆیە ئینگلیزەکان بەئەندازەی عوسمانییەکان و هەندێکجار زیاتریش، خەمیان لەو دۆخە شێواوەی ناوچەکەو لاوازیی ئیدارەی عوسمانیی و نەبوونی هێزو دەسەڵاتێکی کارای ناوەندگەرا دەخوارد کە بتوانێت ئاسایش سەقامگیربکات و بەقازانجی کریستیانییەکانی ناوچەکەو پاراستنی سەلامەتی سەروماڵیان هەنگاوی جیدی بنێت. دیارە ئینگلیزەکان لەم رووە زۆر بەنەرێنیی دەیانڕوانییە جوڵەو چالاکیی خێڵەکوردییەکان و ئەوانیان نەک هەروەک هەڕەشەیەک دژ

---

[6] S. ASLIHAN GÜRBÜZEL، HAMIDIAN POLICY IN EASTERN ANATOLIA (1878-1890 ) ، MASTER’s THESIS، BİLKENT UNIVERSITY ANKARA، 2008،p20.

بەسەقامگیریی و هێزی دەوڵەت دەبینی، بەڵکو بەهەڕەشەیەکیشیان لەسەر ئاسوریی و ئەرمەنەکان[7] دادەنان و هەمیشە خوازیاری ئەوەیان لەبابی عالی دەکرد، جڵەویان بکەن.

---

[7] هەر لەم قۆناغەدا جوڵانەوەی ناسیونالیستی ئەرمەنیی، یەك لەو جوڵانەوە بەرچاوانەی ئیمپراتۆرییەکە بوو کە بەزەقیی دەرکەوت و رەهەندێکی نێوخۆیی و دەرەکیی مەترسییداری بەخۆوە بینی. ئەوەی سەرەتا لەناوچە ئەرمەنییەکانی بندەستی روسیای قەیسەریدا، بەتایبەت لەشارەکانی تفلیسی و یەریڤان، سەریهەڵداو پەرەیگرت و پاشان رووی لە ئەرمەنەکانی دانیشتووی ئیمپراتۆریی عوسمانیی کرد، ئەوانەی نە لەرووی پێکهاتەی چینایەتییەوەو نە لەرووی مەزهەبیی و وەلائی کۆمەڵایەتییەوە هۆمۆجین و هەماهەنگ نەبوون، بەڵام لەئاکامی سەرکەوتنەکانی روسیالەجەنگەکانی دژ بەدەوڵەتی عوسمانیی و هەروەها چالاکیی ناسیونالیستانی ئەرمەن و رێکخراوەکانیان لەدەرەوە وەک: یەکێتی رزگاریی (1872)، خاچی رەش (1878)، بەتایبەت لەوڵاتانی ئەوروپای رۆئاوای وەك فەرەنساو بریتانیاو بوونی پرسی ئەرمەنیی بە ئامرازێکی سەرەکیی دەستێوەردان و فشارخستنە سەر دەوڵەتی عوسمانیی ، بەتایبەت پاش پەیماننامەی سانستیڤانۆو کۆنگرەی بەرلین، هەموو ئەمانە جوڵانەوەی ناسیونالیستی ئەرمەنیان گواستەوە بۆ قۆناغێکی زۆر هەستیارو بگرە مەترسییداریش، ئەو جوڵانەوەیەی بەپاڵپشتیی روسیای قەیسەریی و وڵاتانی کۆڵۆنیالیزمی ئەوروپایی (کریستیانیی)، سەرەتا خوازیاری ناچارکردنی کاربەدەستانی عوسمانیی بوون، کە کاروباری کاریگێڕیی و فەرمانرەوایەتیی شەش هەرێمی کوردستان لەرۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییەتەکە " وان، موش، خەرپوت، دیاربەکر و ئەرزڕۆم " رادەستی ئەرمەنەکان بکەن و بەشی هەرەزۆری دەرامەتی ئەو ناوچەیە بۆ چاککردنی ژیانی دانیشتووانە ئەرمەنییەکە خەرجبکرێت و پاشتریش لەنزیکترین دەرفەتدا، ئەم هەرێمانە بەتەواوی دابپچڕن وبیخەنەسەر ناوچە ئەرمەنییەکانی بندەستی روسیاو تێکڕا و پێکەوە دەوڵەتێکی نەتەوەیی بەناوی ئەرمینیای مەزن لەسەر دابمەزرێنن.

شایەنی باسە، ناسیونالیستانی ئەرمەن جگەلەوەی لەتەواوی بڵاوکراوەو ئەدەبیاتی سیاسی و فیکریی خۆیاندا، سانسۆری ناوی کوردستانیان کردبوو، جاروباریش بەناچاریی کە ناوی دەهێنرا، وەك ناوچەیەکی درێژکراوەی بیابانی سوریی و مسیۆپۆتامیا لەقەڵەمیان دەدا، ئەوان تەواوی هەرێمە ناوەندییەکانی کوردستانیان، بەتایبەت شەش هەرێمەکە، بەئەرمینیای رۆژئاوا و بەشێکی بنەڕەتیی لەخاکی نەتەوەیی ئەرمەن ناودەبرد. هەوڵیاندەدا ژمارەی خەیاڵیی سەبارەت بە دانیشتووانی ئەرمەن لە شەش هەرێمەکەدا، بڵاوبکەنەوە هەروەها وا لەبێگانە و رۆئاواییە ئەوروپییەکانیش بکەن رێژەی ئەرمەنەکان بەشێوەی زۆرینە لەو ناوچانە پێشانبدەن. ئەوان دادەناو کوردیان وەك بوونیکی نامێژوویی و نەخوازراوو شەڕەنگێزو دەمارگیر ناودەبرد، گوایە سوودیان لەدەرفەتی مێژوویی و پیکهاتەی چەکداریی و خێڵەکیی خۆیان وەرگرتووەو بەفەرمانی عوسمانییەکان هاتوونەتە ناوچەکەو کردویانەتە پاوانی ئاژەڵ ومێگەلەکانیان باج و سەرانەیش بەدەوڵەت نادەن و بوونەتەبار بەسەر دانیشتووانی ئەرمەنەوە. ئەوان پێیانوابوو رووخاندنی میرنشینە کوردییەکان و پەرتەوازەکردنی میرو بنەماڵە فەرمانڕەواکانی ناوچەکەو دوورخستنەوەنەیان لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ ناوچە دووردەستەکانی دەرەوەی کوردستان، دەرفەتێکی زێرینە بۆ بەدەستەوەگرتنی فەرمانڕەوایەتیی سیاسی و سەربازیی ناوچەکە، بەپاڵپشتیی وڵاتانی ئەوروپیی و ناچارکردنی دەوڵەتی عوسمانیی تاکو وەك دیفاکتۆ ئەم واقیعە پەسەندبکات، ئەوەی لە

هێشتا جەنگەکە چەند مانگێکی کەمی مابوو کۆتایی بێت، کاتێک (میستەر ئەی . ئێچ . لایارد)ی باڵیۆزی بریتانی لەئەستەمبوڵ ، لە ٦ی ئوتی ١٨٨٧دا، (میستەر راسام) ئاگادار دەکاتە کە بەکەشتییەک لەئەستەمبوڵەوە بچێت بۆ ئەسکەندەریەو لەوێوە بۆ دیاربەکر بۆئەوەی خۆی بۆ نووسینی راپۆرتێکی گشتگیر لەبارەی دۆخی ناوچەکەو خێڵەکان و دانیشتووانە کریستیانییەکە، تەرخان بکات و حکومەتی خاوەنشکۆی بریتانی لێ ئاگادار بکاتەوە.

لایارد، داوا لەراسام دەکات کە لەو بڕوایەوە کە لەوانەیە دیسانەوە دانیشتووانە ئاسورییەکانی ناوچە شاخاوییەکانی کوردستانی تورکیی بکەونە بەر هەڕەشە، واباشە راسام سەردانی بەرپرسانی تورکی عوسمانیی بکات بەتایبەت والی دیاربەکر، کە هەموو هەنگاوێکی پێویست بنرێت بۆ رێگرتن لەکەوتنەوەی مەترسیی. هەروەها داوایکردووە کە راسام بچێتە نێو دۆڵ و چیاکانی زێدی ئاسورییەکان و پەیوەندی دۆستانەی خۆی لەگەڵ سەرۆک و رێبەرانی ئاسوریی و قەشەکانیان بۆقۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئامۆژگاریی و رێنماییان پێشکەش بکات.

هەروەها ئەوەشی پێوتوە کە لەو هەواڵانە بکۆڵێتەوە کە دەوترێت گوایە کوردەکان لەویلایەتی وان پێشێلکاریی گەورەیان کردۆتە سەر ئەرمەنەکان و ئەگەر پێوست بکات سەردانی وان و بدلیس و موش و ناوچەکانی تریش بکات و ئەو نامانەی لە نوێنەرایەتیی پاتریارکی ئەستەمبول پێی دراوە بیگەێنێتە دەست سەرانی ئەرمەن بۆئەوەی هاوکاریی بکەن لەکارەکەیدا. هەر شتێکیش روویداوە بیگەێنێتە

---

بەدبەختی ئەوان لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە بەوپەڕی توندییەوە دژایەتیی کرا. بۆزیاتر:

Brad Dennis، Kurdish –Armenian Relation in the late Ottoman Empire:power structures and interactive behavior، Master Thesis، The university of Utah، 2008,.

هۆگر طاهر توفيق، الكرد والمسألة الارمنية (1870-1920) ، دار الفارابي ، بيروت ، 2014.

دەســەڵاتدارانی تــورک و داوایــان لێبکــات کە هەمــوو ڕێوشــوێنیک بگیرێتەبەر بۆ پاراستن و قەرەبوکردنەوەی کریستیانییەکان.
لایــارد لەم نــامەیەدا وێــڕای ئەوەی کوردەکــان وەک دزو بکــوژ ناودەبات ، داوا لەراسام دەکات کە هەوڵبدات لەوەرگرتنی هەواڵەکاندا زۆر وردبێت بۆئەوەی تووشی شەرمەزاریی نەبن و بتوانێت هەواڵی راست لەدرۆ جیابکــاتەوەو نەکەوێتە ژێــر کــاریگەریی پرۆپاگەنــدەو دەنگۆی ناڕاست."
شکستی عوسمانییەکان لەجەنگ و ئەو رەوشە سەخت و نالەبارەی دوای جەنگەکە لەکوردستان هاتەئارا، بەتایبەتی بەهۆی بڵاوبوونەوەی برســـیتییەکی گەورەو پەتـــای تیفـــۆو و هەژاریـــی، زەمیـــنەی نـــاڕەزایەتییەکی گەورەی خولقانـــد، لەکاتێکـــدا دەزگـــا ئیـــداریی و ســەربازییەکانی حکــومەتی عوســمانیی لەنــاوچەکە، بەهــۆی ئاکــامی جەرگبــڕی جەنــگەکەوە تووشــی داڕمــان ببــوو. بــاجگرو بەرپرســە گەندەڵەکانی، رەوشە سەختەکەیان بەقازانجی خۆیان قۆزتبۆوەو هەتا ئەوپەڕی لەهەوڵی فشاری زیاتری باجسەندن و قۆرخکردنی خۆراک و گرانکردنی نرخی نان و کەلوپەلە پێویستەییەکانی گوزەرانی خەڵک بــوون. ئەوەش وایکــرد لەهەنــدێک شــوێنی وەک ســنجەقی مــاردین، خەڵک پەلاماری گەنجینەی دانەوێڵە بدەن و تالانییکەن.[8]
ڕۆژنامەی بریتانیی (THE DAILY EXPRESS) کە لەرۆژی هەینــی ڕێکەوتــی ١٩ی ئەپڕێــی ١٨٧٨دا، چــاپ و بڵاوکــراوەتەوە، زۆریــنەی هەواڵەکــانی لاپەڕە ٥ی رۆژنــامەکەی بــۆ باسوخواســی تورکیای عوسمانیی تەرخانکردووەو بەدرێژیی باسی جەنگی روسی- عوسمانیی کردووەو بەرەکانی ئەو جەنگەی بەسەر کردۆتەوەو دۆخی هێزەکـــانی هەردوولای بەوردیـــی شـــیکردۆتەوە. هەرچەنـــدە لەو باسوخواســەدا ئامــاژەیەک بە بڵاوبــونەوەی نەخۆشیی و پەتــای تیفۆیــد کـــــراوە لە ئەرزڕۆم و ناوچەکـــــانی دەوروبەری ، لەناوەڕاســــتی لاپەڕەکەشــدا بەناونیشــانێکی ســەربەخۆ کە دەڵێــت :"ڕاپەڕینــی دژی

[8] خالفین، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣.

تـــورکیی لەکوردســـتان" هەواڵـــی ئەوەی بڵاوکـــردۆتەوە کە "چەنـــد ڕۆژێکـی کەم لەوەپێش، هەنـدێک لەهێـزە تورکییەکـان لەئەڕزڕۆمەوە نێردراون بۆئەوەی ئەو ڕاپەڕینە لاوەکییە کوردستان سەرکوتبکەن."
بەهەمان شێوە لەئەیلولی ١٨٧٨دا، لەزۆر جێگای تریش، بەتایبەت دێرســـــیم کە خەڵـــــکەکەی لەجەنــــــگەکەدا نەک هەر پاڵپشــــتیی عوســـمانییەکانیان نەکــــرد، بەڵکـــو ڕێگەیـــان بەســـوپاش نەدا بە ناوچانەکانیانـدا تێـپەڕن و دژیـان وەسـتانەوە، هەروەهـا لەشـیرناخ، هێزەکانی سوپای تورکی عوسمانیی کەوتنەبەر پەلامار.
لەم بـارەیەوە، ئەلفرێـد بلیـوتی، جێگـری کۆنسـوڵی بریتـانیی لە ترابـزۆن، لە ١١ی ئۆکتـۆبەری ١٨٧٨دا، نـامەیەکی بـۆ مـارکوز سالبیری، وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی نووسیوەو تێدا هاتووە:
"بەگوێرەی هەموو قسەوباسـەکان، ڕاپەڕینێکـی جدیی لە نـاوچەی دێرسم ڕوویداوە، هێشتا هیچ هەواڵێکـی نووسراوم لەویـوە بەدەست نەگەیشـتووە، دەتـوانم تەنیـا هەواڵـی ئەو دەنگۆیانەتـان پێـبگەیەنم کە بڵاون.
دەوترێت کە پێش چوار هەفتە، کوردەکان بەسەرکردەیی ئەحمەد پاشــا، کەخۆشـــی کـــوردە، لەشـــەودا شـــەبەیخونیکیان دژی کـــامپی سەربازیی پێشەوەی هێزە تورکییەکانیان داوە لە ئەرزنجان، کە سێ بۆ چوار بەتالیۆنی سوپای لێیە.
ئەم هێـزە سـەربازییە کە ژمارەیـان لە ٨٠٠بۆ ١٠٠٠ پیـاو زیـاتر نەبووە، بەدیل گیراون، هەروەها ٣ تۆپی چیایی و چەندین تفەنـگ و فیشەک و ئازوقە لەکەمپەکەدا بوون، دەستیان بەسەرداگیراوەو براون.
کوردەکان بۆ ناوچەیەکی سەخت لەچیاکانیان پاشەکشەیان کردووەو لەپێگەیەکی بەهێزدا دامەزراون کە پیی دەوترێ مەرجان بوغـاز کە نـاتوانن بەوردیـی شـوێنەکەی دیـاریبیکەم، بەلام لەبەرامبەر زنجیـرە چیای تۆرۆسە.
کاتێـک هەواڵگرەکـانم ئەرزنجانیـان جێهێشـتووە، ئـاوا پـێش سـێ هەفتە، ئیسـماعیل پاشـا ١٢ یەکەی سـەربازیی ناردۆتەسـەر کـوردان.

بەڵام ژمــارەی هەمــوو ئەم یەکــانە زیــاتر لە٣٠٠ بــۆ ٣٥٠ نابێــت. هەروەها فەرمان بە لەشکری زیاتر دراوە کە روو لەمەیدانەکە بکەن.

بەو دوایــیە لە یوســف پاشــام بیســتووە کە ژمــارەی تەواوی ئەو بەتالیۆنانەی دژی کوردان رەوانە کراون بیست و چوار دانەن.

هەواڵگرەکانم پێش ئەوەی ئەوی جێبهێلن، سەربازی تورکی برینداریان بینیــوە کە لەمەیــدانی شــەڕ گەڕاوەتەوە. ئەوانەی وتویــانە کە ئەو شــوێنەی کوردان سەنگەریان تێدا لێداوە فرە سەخت و پارێزراوە. هەربۆیە سەربازی زۆر و کاتی زیاتری دەوێت بۆ ملکەچکردنی راپەڕیوەکان.

ژمــارەی ئەو چەکــدارە کــوردانەی راپەڕیــون لێــرە دیــارنییە، بەڵام دەوترێــت کە ئامانجیــان ئەوەیە ســەربەخۆبن. دەگونجێــت گریمــانەی ئەوە بکرێت کە تەواوی ئەو خێڵەی دەرسیم کە ٣٠٠٠٠ کەسێکن، لەراپەڕینێکی چەکداریی کراوەدان. "



سێر ئۆستن هێنری لایارد (١٨١٧-١٨٩٤)

*Mr. Layard to Mr. Rassam.*

Sir, *Therapia, August* 6, 1877.

YOU will proceed by the steamer leaving Constantinople on Wednesday next to Alexandretta and from there to Diarbekir. The object of your mission is to ascertain the condition of the Christian tribes and communities in Kurdistan, and to report to me fully upon it, for the information of Her Majesty's Government.

There is reason to believe that the Nestorians in the mountain districts of Turkish Kurdistan are again threatened by the Kurds, and that unless some measures be taken for their protection, they will be exposed to invasion and to its lamentable consequences. The Porte has, on my representations, sent instructions on this subject to the Vali of Diarbekir. You will ascertain whether his Excellency has done anything in the matter, and whether the threatened danger has been avoided. If you should find it necessary to proceed to the Nestorian valleys to make enquiries on the spot, you are authorized to do so and to take any steps which you properly can for the protection of their inhabitants, in communication with the Turkish authorities, with whom you will endeavour to maintain a good understanding. Your intimate acquaintance and influence with the heads of the Nestorian community will enable you to advise and direct them, and to contribute to the establishment of friendly relations between them and their Mussulman rulers.

It would appear that Kurdish tribes belonging to Persia as well as to Turkey have recently committed great excesses in the Pashalik of Van, especially upon the Armenian population. You may be able to learn at Diarbekir how far the reports that have reached me as to the great destruction of Christian life and property by these marauders are well founded; but if you think it necessary, you may visit Van, Bitlis, Moush, and other places to obtain full information. You have been furnished with letters to the Armenian Bishops and notables by their Patriarchal representative at Constantinople, which will enable you to ascertain upon trustworthy authority what has really taken place. You will report to me fully on the subject, as well as upon the conduct of those whose duty it was to protect the populations from the outrages to which they appear to have been exposed.

After you have fulfilled your mission in Kurdistan you will proceed to Mosul, where you are to resume the Assyrian excavations for the Trustees of the British Museum. When there you will inquire and report to me on the condition of the Jacobite or Syrian Christians, and you will let me know whether the Firman issued by the Porte for the restoration to them of their churches has been put into execution, and what other measures may be required for the protection of this ancient sect.

You will bring to the notice of the Turkish authorities the grievances and wrongs from which the Christian communities, into whose condition it will be your duty to inquire, may suffer, and you will endeavour to obtain for them proper protection and redress. You will, however, be specially careful in performing your mission not to excite the suspicions or jealousy of those authorities, or to furnish any legitimate cause of complaint to them against you. You will endeavour to make them understand that it is in the interests of Turkey herself that the various Christian populations under the Sultan's rule should be justly governed, and should receive the fullest protection for their lives and property. Such is the humane and enlightened wish expressed to me by the Sultan himself. In calling the attention of the Turkish Government in a friendly and impartial spirit to the wrongs and complaints of His Majesty's Christian subjects, Her Majesty's Government is giving a proof of its earnest desire for the welfare of Turkey.

I transmit to you an Imperial Firman and four Vizirial letters, in which you are warmly recommended to the authorities, and which will enable you, I trust, to discharge your mission to the satisfaction of Her Majesty's Government.

In conclusion I have to impress upon you strongly the importance of obtaining, as far as possible, trustworthy information, and to avoid accepting as such those exaggerated and frequently unfounded rumours which invariably prevail when excesses such as those into which you are about to inquire have been committed, or great alarms and panics exist. Your knowledge of the country and people will, no doubt, enable you to distinguish between what is true and what is not.

I have, &c.

(Signed) A. H. LAYARD.

bered that the fertility of resource is on the Russian side, and that faltering counsels exist on the other side.

## GERMAN MEDIATION.

Brussels, Thursday Evening.

The *Nord* of this evening publishes the following telegram from Berlin of to-day's date :—" It was at the pressing request of Count Andrassy that Prince Bismarck finally consented to resume the negociations for a Congress. The Imperial Chancellor, at the same time, laid down the condition that such action on his part should be simultaneously solicited by Austria, England, and Russia. It does not appear that the preliminary phase has yet closed. The good will of Russia is indisputable, but it is feared that England may prolong the present uncertain situation by abstaining from asking for the mediation of Germany, or by formulating reserves.

The *Daily Telegraph's* Vienna correspondent says it is reported, on very good authority, that Prince Bismarck has expressed his conviction that England is in earnest, and that it will be dangerous for Russia to push her too far.

## ANTI-TURKISH RISING IN KURDISTAN.

Constantinoble, Thursday.

Some Turkish troops were sent from Erzeroum a few days ago to repress a partial rising in Kurpistan.

## ROUMANIA.

The Bucharest correspondent of the *Morning Advertiser* telegraphs :—Although not yet officially announced, you may take it as certain that the seat of Government is about to be removed to Tirgoviati. The most important archives have been quietly removed during the last six weeks, and this process is continuing by every train, sometimes disguised in the form of personal luggage. The Prince has left, ostensibly on a tour of inspection, but will not return unless things take quite an unexpected turn.

It is telegraphed that the Roumanians are sending back the Turkish prisoners, to the annoyance of the Russians, who do not wish to see the forces at Constantinople strengthened.

## BULGARIA.

Constantinople, Wednesday.

A meeting of Bulgarian notables of Adrianople and the provinces was held at Adrianople on Monday last, at which an address to the Emperor of Russia, congratulating his Majesty on the anniversary of his happy escape from the attempt made on his life, formed the subject of discussion. The creation of a new Bulgarian order, to be dedicated to the Emperor, in commemoration of the emanci-

*Vice-Consul Biliotti to the Marquis of Salisbury.—(Received October 24.)*

My Lord, *Trebizond, October 11, 1878.*

ACCORDING to all accounts a serious outbreak has taken place in the Dersim district, but having received no written communication from that region, I can only report the rumours which are afloat.

It is stated that about four weeks ago the Kurds, headed by a certain Ahmed Pasha, a Kurd himself, surprised in the night a Turkish advanced camp of the Erzinghian army occupied by three or four battalions.

These troops, which did not number more than 800 or 1,000 men, were taken prisoners, and the three mountain guns, the numerous rifles, munitions, and provisions in the camp carried away.

The Kurds retreated in their mountain fastnesses, and occupy a strong position, a defile called Merdjan Boghaz the exact position of which I am unable to identify, but which is in the chain of the Anti-Taurus.

When my informants left Erzinghian, nearly three weeks ago, Ismaïl Pasha had already despatched twelve battalions against the Kurds, but these battalions did not number more than 300 to 350 men each, and more troops had been ordered to take the field.

I have lately heard from Youssuf Pasha that the total of the battalions sent against the Kurds number twenty-four.

My informants had seen, before their departure, wounded Turkish soldiers returning from the field of action, who stated that the position occupied by the Kurds was almost impregnable, and that it would require many men and a long time to subdue the rebellion.

The number of the Kurds who have revolted is not known here, but it being stated that their object is to become independent, it may be presumed that the whole tribe in Dersim, amounting to about 30,000 souls, is in open revolt.

I have, &c.

(Signed) ALFRED BILIOTTI.

# عوسمان پاشا بەدرخان و تەقەلای ژیانەوەی میرنشینی بۆتان لەساڵی ١٨٧٨

ئاشکرایە کە بنەماڵەی بەدرخانییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لەمێژووی سیاسیی و ڕێکخراوەیی و ڕۆشنبیریی کوردستاندا هەبووەو ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە کە نەوەکانی بەدرخان پاشای میری بۆتانن، کاریگەرییەکی گەورەیان بەسەر ئەو مێژووەوە هەیە، ئەو کاریگەرییە لەقۆناغێکدا بووە کە سەرەتاکانی بیری نەتەوایەتیی کوردیی لەسایەی چالاکییە سیاسیی و فەرهەنگییەکانی بژاردەی خوێندەواری کورددا، کە بەدرخانییەکان بەشێکی هەرە سەرەکیی پێکدەهێنن بەوەی کە خاوەنی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردین بەناوی "کوردستان" و ڕۆڵیان لەدامەزراندنی چەندین ڕێکخراویی نەتەوەیی و فەرهەنگیی کوردیدا بینوە، دەپشکوت.

لەم نێوەدا، ناوەکانی: عەبدولرەزاق بەدرخان، ئەمین عالی بەدرخان، میقداد میدحەت بەدرخان، عەبدولڕەحمان بەدرخان ، محەمەد صالح بەدرخان، کامەران بەدرخان، جەلادەت و کامەران و سورەیا بەدرخان، ناوی ئاشناو دیارن و ئەوانەشی کە کاریان لەسەر نووسینەوەی مێژووی هاوچەرخی کورد کردووە، بەبایەخەوە تیشکیان خستۆتە سەر ژیان و کارو چالاکییە سیاسیی و ڕۆشنبیرییەکانیان و لەو ڕووەوە چەندین لێکۆڵینەوەو بابەت و کتێبی جۆراوجۆر نووسراون.

شایەنی باسە، لەم ڕووەوە تێبینیی ئەوە دەکرێت کە هەندێک لە کوڕانی بەدرخان بەگ، بۆ نموونە: بەحری بەگ، عەلی شامیل، عوسمان پاشاو حوسێن کەنعان، ئاوڕێکی ئەو تۆیان لێنەدراوەتەوەو لەزۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە باسی بەدرخانییەکانیان کردووە، بەشێوەیەکی تێپەڕ تەنیا ناوێکیان لێهێناون و کەمترین زانیارییان لەبارەوەداون. هەربۆیە سەیر نییە ئەگەر بوترێت، بایەخنەدانەکە بەشێوەیەکی هێندە زەقە کە هەندێک جار تاڕادەی پەراوێزخستن ڕۆیشتووەو ئەوەش وایکردووە تەنانەت نەک هەر سەبارەت بەمێژوو

و رووداوەکـان و کـارو چـالاکیی ئەوانە، خـوێنەری کـورد، زانیـاریی وردو باوەڕپێکراویان لەبەردەستدا نەبێت، بەڵکو خودی بایەخداران و نووسەرانی مێژوو و چالاکییەکانی بنەماڵەو نەوەکانی بەدرخـان بەگ، ڕۆژی لەدایکبوون و مردنی ئەو کوڕانەی بەدرخـان بەگ نەزانن یان بەهەڵە لەنووسینەکانیاندا ئاماژەیان بۆ بکەن!! ئەوەش بەبروای ئێمە بۆ چەند هۆکارێکی جیاواز دەگەڕێتەوە.

یەکێک لەو هۆکارانە ئەوەیە کە ئەو کوڕانەی بەدرخان بەگ زیاتر کەسایەتیی سەربازیی بوون و پێگەو پۆستی سەربازییان لەدەوڵەتی عوسمانیی و تەنانەت لەکۆشکی سوڵتانیشدا هەبووەو کەمتر سەروکاریان لەگەڵ کاروچالاکی ڕۆشنبیریی و ڕێکخراوەیی سیاسییدا هەبووە. هۆکارێکی دیکە ئەوە بوو کە ئەو کوڕانەی بەدرخان، زۆرینەی قۆناغی ژیانیان لەدەورانی ستەمکاریی سوڵتان عەبدولحەمیددا بووەو لەو قۆناغەش تاڕادەیەکی زۆر رووداو کارو چالاکییەکان، یان ڕێگەپێنەدراوبوون و نەیانتوانیوە لەژێر پەردەی ڕەشی سانسۆری حەمییدا سەردەربکەن، یاخود پەردەپۆشکراون و کەس لەبارەیانەوە زانیاریی ئەوتۆی نەبووەو هەتاکو ئێستاش دەگونجێت لەئەرشیفی دەستبۆنەبراوی عوسمانییدا هەڵگیرابن و دەستی بایەخدارانیان پێ نەگەیشتبێت. بۆنموونە: ساڵانی دوورخراوەیی بەدرخان بەگی گەورەو ساڵانی گرتن و زیندانییکردن و مردنی عەلی شامیل پاشا لەزیندان، پاش رووداوی کوشتنی ریزوان پاشای پارێزگاری ئەستەمبول لە ١٩٠٦ و دادگایی سەرانی بنەماڵەی بەدرخانی لەئەستەمبوڵ و دوورخستنەوەی زۆربەیان بۆ تەڕابلوس و تائیف و شوینە دووردەستەکانی دیکە. هەروەها چەندین رووداوی دیکەی وەک دادگاییکردنی عوسمان پاشا پاش گەڕانەوەی لەقاهیرە لە فێبرایەری ١٩٠٢،هەروەها ژیانی حوسێن کەنعان پاش خۆبەدەستەوەدانی لەساڵی ١٨٧٨دا..هتد.

جگە لەهەموو ئەمانە، ئێمە لەو بڕوایەداین کە ئەو ناکۆکیی و ساردییەی لەنێوان ئەندامان و خودی کوڕانی بەدرخان بەگدا هەبووە،بەهۆی پەیوەندییان بەکۆشکی سوڵتانیی و دابەشبوونیان بەسەر

هاوکێشەی ململانێی دەسەڵات و بەرەجیاوازەکان و بژاردە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکەی نێوخۆو دەرەوەی ئیمپراتۆرییەکە، یان هەندێک بابەتی خیزانیی و کۆمەڵایەتیی نێوخۆی خۆیان، بۆخۆی هۆکارێکی سەرەکیی ئەم مەسەلەیە بێت، چونکە نە لەو بیرەوەریی و یاداشتانەی کە هەندێک لەکوڕانی بەدرخانییەکان نووسیویانن، نە لەو بابەتانەی کە دواتر لەسەر مێژووی کوردستان و باسە کەلتووریی و گشتییەکان لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانی ئەستەمبوڵ و شامدا هاتوون لەپاش کودەتای ئیتحادو تەرەقیی و هەروەها پاش یەکەمین جەنگی جیهانیی، شتێکی ئەوتۆ لەسەر ئەو کەسانە نەنووسراون کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردوون، لەکاتێکدا کە هەندێک لەوانە وەک عەلی شامیل، بۆ ماوەیەکی زۆر سەرگەورەو دەمسپی بنەماڵەی بەدرخانییەکان بووە لەئەستەمبوڵ، هەروەها کەسێکی وەک عوسمان پاشاش، نەک هەر پاش ٣٠ ساڵ لەرووخاندنی میرنشینی بۆتان، لەگەڵ حوسێن کەنعانی برای، هەوڵی ژیانەوەی میرنشینەکەی داوەک و لەساڵی ١٨٧٨دا، بەشەڕ گەڕاوەتەوە جەزیرەی بۆتان و سوپای عوسمانیی لەوێ دەرکردووەو خۆی وەک میر راگەیاندووە، بەڵکو ناوبراو یەکەمین سەرکردەی کلاسیکی کوردە کە لەساڵی ١٩٠٠دا، سەردانی لەندەنی پایتەختی دەوڵەتی بریتانیای مەزنی کردووەو لەوێشەوە پەیامی رزگارکردنی تەواوی کوردستان و بەدیهێنانی سەربەخۆیی و دامەزراندنی حکومەتیکی دەستووریی کوردیی راگەیاندووە، ئەو رووداوەی کە زیاترین سەرنجی لە رۆژنامە جیهانیەکانی ئەو دەمەدا راکێشاوەو بەوهۆیەشەوە ناوی عوسمان پاشا، بۆتە جێگای سەرنج و سەردێڕ و ناونیشانی زۆر لە رۆژنامەکانی جیهان و بابەت و سەرنجی جۆراوجۆری لەبارەوە بڵاوکراوەتەوە، ئەوەی قسەلێکردن و پێشاندا ن بڵاوکردنەوەی ئامانجی ئەم کارەو مەبەستی نووسەرەکەیەتی.



عەلی شامیل پاشا بەدرخان



حوسێن کەنعان پاشا بەدرخان (١٨٥٨-١٩١٣)

## عوسمان پاشا کێیە؟!

عوسمان بەگ، کوڕی بەدرخان پاشای دوامیری میرنشینی بۆتانە، سەرچاوە مێژووییەکان لەبارەی لەدایکبوون و مردنیی عوسمانەوە هیچیان نەوتووە، بەڵام بەسەرنجدان لەرووداوەکان و هەڵهێنجان و بەراوردکارییی، دەتوانین بڵێین، کە ناوبراو لەقۆناغی ئاوارەیی خێزانەکەیدا لە قەندەهییەی سەر بەدورگەی کرێت لەدایکبووەو لەپاش: بەحری بەگ، بەدری بەگ، نەجیب پاشا، مستەفا بەگ، عەلی شامیل و ئەمین عالی بەدرخان، حەوتەمین کوڕی باوکێتیی و لەدوا ساڵەکانی حوکمی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم (١٨٣٩-١٨٦١)داو لەناوەڕاستی دەیەی پەنجاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا لەدایکبووە.

هەروەک (کلارا بۆیل/Clara Boyle)، ژنی دیپلۆماتکارو وەرگێڕو یەکەمین سکرتێری بەشی رۆژهەڵاتی لە باڵیۆزخانەی بریتانیی لە[9] قاهیرە (هاری بۆیل/Harry Boyle ١٨٦٣-١٩٣٧) لەزاری مێردەکەیەوە دەگێڕێتەوە، ئەوەی عوسمان پاشا بەدرخانی بینیوە کاتێک سەردانی باڵیۆزخانەی بریتانیی کردووە لەقاهیرە، پێشئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئەستەمبوڵ: عوسمان پاشا کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێش، باڵابەرز، بەهێز بووە، قژێکی کاڵ و سمێڵێکی زەردی ئاڵتونیی هەبووە.

ناوبراو لەقۆناغی منداڵیدا بەهۆی مامۆستای تایبەتەوە فێری خوێندنەواریی بووەو پاشتر لە قوتابخانەی سەربازیی خویندویەتی و پلەو پۆستی سەربازیی لەسوپای عوسمانییدا وەرگرتووەو دواتر لەسەرچاوە بیانییەکان و رۆژنامەکاندا بەژێنەڕاڵ ناوی هاتووە. کلارا بۆیل لەلاپەڕە ٣ی کتێبەکەیدا دەڵێت: بۆ چەند ساڵێک ئەو یاوەری

---

9 Clara Boyle, *Boyle of Cairo. A Diplomatist’s Adventuresin the Middle East* (Kendal: Wilson & Son, 1965), p3.

هەروەها لەلاپەڕە ١٤دا، کلارا بۆیل دەڵێت کە عوسمان پاشا حەزی لەبەخێوکردنی سەگی شوانی کوردیی بووە.

یەکەمی سوڵتان عەبدولحەمید بووەو تاڕادەیەکی زۆر جێگای متمانەی ناوبراو بووە. دیارە ئاگاداری عوسمان پاشا لەڕووداوەکانی ئیمپراتۆری عوسمانیی و سیاسەتی بابی عالی وایکردووە کە دواتر بەشیکی زۆر زانیاریی سەبارەت بە کوشتاری ئەرمەنەکان بدات بە هاری بۆیلی دپلۆماتکاری بریتانیی لەقاهیرە، ئەوەش لە بیرەوەرییەکانی کلارادا تۆمارکراوە.[10]

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، کە هەندێک لەکوڕانی بەدرخان بەگی بۆتان، لەجەنگی روسیی-عوسمانییدا، بەشداربوون، وەک بەشێک لەو توێژە دەسەڵاتدارە کوردییەی دەوڵەت گرەوی کۆکردنەوەو تەیارکردنی سوارەو جەنگاوەری غەیرە نیزامی لەسەردەکردن بۆئەوەی لەکاتی جەنگەکەدا پاڵپشتیی سوپای عوسمانیی بکەن و بەرگریی دژی پەلامارو هێرشەکانی روسیی بۆ سەر ناوچە کوردییەکان بکەن و هەروەها جاروباریش وەک هێزی سوک رەوانەی پشتی جەبهەی روسەکان بکرین بۆئەوەی هێڵەکانی پەیوەندیی بپچڕێنن و کاری وێرانکاریی ئەنجامبدەن. شایەنی باسە عوسمان بەگ و حوسێن کەنعانی برای کە لە رێبەرایەتی ئەرکانی سوپای عوسمانییدا راژەیان دەکرد، بەهێزێکەوە کە لەچەند هەزار کوردێک پێکدەهات، لەژێر فەرماندەیی موشیر شاکر پاشادا، بەشدارییان لەجەنگەکەدا کردو زیانێکی بێشوماریشیان پێگەیشت.

وەک پێشترئاماژەمان بۆدا، لەپاش کۆتایی جەنگی روسیی – عوسمانیی، دۆخێکی مەترسییدار هاتەهارا، جگە لەو شکستە گەورەیەی کە بەر پەیکەری و شکۆی ئیمپراتۆرییەکەو دەزگا سەربازیی و ئیدارییەکانی کەوت لەپاش جەنگەکەو پەیمانی سانستیڤانۆ، ئیدارەو توانای سەربازیی عوسمانیی لەکوردستان تووشی ئیفلیجییەکی کاتیی هات و پشێویی و برسێتیی و قاتوقڕییەکی زۆر ناوچەکەی گرتەوە، بەشێوەیەک کە نارەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵک دژی ئەو رەوشە نالەبارە، وایکرد لە بەشێک لەناوچەکانی وەک

[10] Clara Boyle,opcit, p2.


CLARA BOYLE

دێرسم و موش و وان راپەڕین بەرپابێت و هەندێک لەخێڵەکانی وەک موتکان و رشکوتانلی دژی دەوڵەت چەک بەرزبکەنەوە.[11]

پاش جەنگەکە، کە ڕێژەکانی هێزە سەربازییەکان لەکوردستان لەبەریەکهەڵوەشابوو، لەوەدەچێت عوسمان پاشا نەگەڕابێتەوە بۆ ئەستەمبوڵ و رووی لەدیمەشق کردبێت، بەپێچەوانەی حوسێن کەنعان پاشاوە کە بەهۆی شەڕەکان و ئەو پێکدادانەی لەدوا رۆژەکانی جەنگدا لەگەڵ روسەکاندا روویدابوو، چەندین شوێنی جەستەیە بریندارببوو، ئەو بۆ چارەسەر گەڕابۆوە ئەستەمبوڵ و بۆ ماوەی شەش مانگ لەوێ مایەوە.

بەزێدەبوونی پشێویی دۆخەکەی کوردستان و فراوانبوونی نارەزایەتییەکان، پەلامارداني دامودەزگاکانی حکومەتی عوسمانیی تەنیا لەناوچەکانی باکوری رۆژهەڵات قەتیس نەماو وردە وردە رووی لەناوچەکانی جەزیرەی بۆتان و هەکاری و بادینانیش کرد. هەروەک (ئۆبەرمیلەری )کۆنسوڵی گشتی روسیی لەئەرزڕۆم لەو نامەیەدا بۆ باڵیۆزی روسیی لەئەستەمبوڵ دەڵێت:" دەتوانرێت بەو شێوەیە شرۆڤە بکرێت کە خواستی کوردانە بۆ گێڕانەوەی سەربەخۆیی بۆ خۆیان، ئەو سەربەخۆییەی کە لەرۆژانی بەدرخان و لەسەردەمی سولتان مەحمووددا هەیانبوو، تەواوبوونی جەنگەکەش بۆتە شکاندنی شکۆی دەسەڵاتدارێتیی تورک " [12]

لەسێپتەمبەری ١٨٧٨دا، حوسێن کەنعان پاشا، لەئەستەمبوڵەوە روو لەکوردستان دەکات و دێتە ناوچەی ئالْپۆ[13]و پەیوەندیی بە کەسایەتییە کوردە ناسراوەکانی ناوچەکەوو دۆست و لایەنگرانێوە دەکات. هەروەها عوسمان پاشا لەباشووری شاری جەزیرەوە، هێزێکی کوردیی کۆدەکاتەوەو هەر دوو هێزەکە، لەباکوورە بەسەرکردایەتیی حوسێن پاشا و لە باشووریشەوە بەسەرکردایەتیی

---

[11] جلیل جلیلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦

[12] وەرگیراوە لە: خالفین، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٧.

[13] پ.ی ئەڤریانۆڤ، کورد لەجەنگی روسیا لەگەڵ ئێران و تورکیادا، وەرگێڕانی لە روسییەوە: دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٢٨.

عوســمان پاشــا بەرەو جەزیــرەی بۆتــان دەکشــێن و بەبــێ ئەوەی بەرەنگارییەکی جدییان بێتەپێش، خۆیان دەکەن بەشارەکەدا. لەراستییدا هەڵوێستی دوژمنانەی خەڵکی جەزیرە دژی عوسمانییەکان و بێزاریان لەدەســەڵات و ئیــدارەی حکــومەت و هاوســۆزییان لەگەڵ کــوڕانی بەدرخــان بەگ، وایکرد ئەو هێزە تورکییەی بۆ (پاراستنی) شارەکە دانرابوو، نەتوانن رووبەڕووی هیزە کوردییەکان ببنەوەو پێش ئەوەی ئەوان بگەنە شارەکە، ئەمان لەگەڵ کاربەدەستانی حکومیی شارەکە، لەجەزیرە بچنە دەرەوەو بەرەو سیرت بڕۆن.[14]

بەمشێوەیە، پاش تێپەڕینی ٣١ ساڵ بەسەر رووخاندنی میرنشینی بۆتــان و راگواســتنی بنەمــاڵەی بەدرخــان بەگ لەشــاری جەزیــرەی پــایتەختی میرنشــینەکە بەرەو جەزیــرەی کرێــت، هەردوو کــوڕی بەدرخــان بەگ، عوســمان پاشــاو حوســێن کەنعــان پاشــا، بەخۆیــان و چەکدارەکانیانەوە، هاتنە نـاو شـاری بۆتـان و دەستیان بەسـەر تەواوی دەزگاکـــان و گەنجیـــنەی خۆراکـــدا گـــرت و دامەزرانـــدنەوەی میرنشــینەکەیان راگەیانــدەوەو عوســمان پاشــا وەک میــری نــوێی میرنشـینەکە راگەیەنـدراو نـاوی میـر لە وتـاری هەینـی لەبـری نـاوی سوڵتانی عوسمانیی، عەبدولحەمیدی دووەم، خوێندرایەوە.[15]

شایەنی باسە، لەکاتی هەڵگیرساندنی راپەڕینەکەو پاش ئەم سەرکەوتنە بەشێک لە کەسایەتییە کوردییەکان و سەرۆک خێلەکان ئامادەبوون پشتگیریی جوڵانەوەکە بکەن. بۆ نمونە، پێشتر لەکاتی هاتنی عوسمان پاشاو حوسینی برای، لەناوچەی شیروان، ئیسماعیل بەگ هاوکارییکردن و بۆ تەیارکردنی هێوە کوردییەکە پەیوەندیی بە سەرۆکخێلەکانەوە کرد. هەروەها چەتۆ ئاغا، یەک لەو سەرۆکە کوردانە بوو کە هێڵی تەلەگرافی نێوان سیرت و دیاربەکرو هەروەها سیرت و بدلیسی بڕی، بۆئەوەی لەکاتی پەلاماردانی ئەوێ، پەیوەندی

---

[14] جلیل جلیلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦ .،د. صلاح محمد سلیم هروری، الأسرة البدرخانية نشاطها السياسى والثقافى19501900– ، ط1،دار العربية للموسوعات- بيروت-٢٠٠٧، ص١٩.

[15] بلەج شيركو، القضية الكوردية، القاهرة ، 1930، ص 47.




میر عوسمان پاشا بەدرخان و حوسین کەنعان پاشا

هیــزە تورکییەکــان بەشــوێنەکانی دیــکەوە بپچڕێــت.[16]هەروەهــا عەشـــیرەتی هەڤیرکـــان بەرابەرایەتـــی حـــاجۆی دووەم، ڕۆڵێکـــی بەرچاویـــان لە راونـــانی هێـــزی عوســـمانی لەشـــاری جەزیـــرەو بەرگرییکردن لەو شارە هەبوو لەسایەی میر عوسمان پاشادا.[17]

پێویستە بوترێت، کە عوسمان پاشا و حوسنێن کەنعان، پاش ئەوەی جەزیرەیان بەدەستهێناو دەسەڵاتی خۆیان لەوێ جێگیرکرد، هەوڵیاندا ئەو پشێویی و بۆشاییە سەربازیی و ئیدارییەی لەناوچەکانی دیکەی کوردستان لەئارادا بوو بۆ خۆیان و فراوانکردنی دەسەڵاتەکەیان بقۆزنەوەو نفوزی میرنشینەکەیان بۆ ئەو ناوچانە درێژبکەنەوە. هەربۆیە هێزیکی ٦٠٠٠ چەکداریان پێکهێناو پەلاماری ناوچەی "دیخ" سەر بە شاری سیرت یاندا، کە پێگەیەکی سەربازیی عوسمانیی لێ بوو. ئەوان توانیان دەست بەسەر ئەو شوێنەداو چەک و گەنجینەی خۆراک و ئازوقەکەدا بگرن و هێزێکیان بۆ پاراستنی شوێنەکەش لەوێ بەجێهێشت. [18] لەراستییدا، حکومەتی عوسمانیی هەوڵیدا بەپەلە بکەوێتەخۆی بۆ ڕێگرتن لەفراوانبوونی راپەڕینەکە و لەسیرت و ئەرزنجان و دیاربەکراو ئەرزڕۆمەوە، هێزی سەربازیی کە تێکڕایان ١٧ بەتالیۆن بوون،رەوانەکراو لەژێر فەرماندەیی فەریق شەعبان پاشادا کۆبوونەوە[19]، ئەو هێزەی کە لە سیرتەوە هاتبوو، کە لە٣ بەتالیۆن پیکهاتبوون و ٣ تۆپی چیایشیان هەبوو، هەوڵی گێڕانەوەی دەسەڵاتی حکومەتی بۆ ناوچەی دیخ داو هەوڵیدا ئەوێ داگیربکاتەوە. ئەم هێزە بێئەوەی بەرگرییەکی سەخت ڕێگەی پێ بگرێ، توانی دیخ داگیربکاتەوەو بەوپەڕی توندوتیژییەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵکەکەی و

---

[16] د. صلاح محمد سلیم هروری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

[17] نذير جبو، سلاطين هفيركان. صفحة من تأريخ الكرد، ترجمه من التركية: الاستاذ الدكتور خليل علي مراد، مراجعة وتقديم: الاستاذ الدكتور عبدالفتاح البوتاني، الجزء الاول، دهوك، 2012، ص65.

[18] كاميران عبدالصمد احمد دوسكي، بهدينان في اواخر عهد العثماني (1876-1914)، اربيل، 2007، ص87.

[19] خالفين، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٧.

ئەو چەكدارە كـوردانە كـرد كە بەديـل گرتبـوونی و لـەو شـوێنەدا ٣٥ كوردیان هەڵواسی.[20]

حوسێن كەنعان پاشـا، لەجەزيـرە، هێزێكـی كۆكـردەوە كەژمارەيـان ١٢هەزار دەبوو، ئەم هێزە بەرەو ديخ چوو، تـوانی پـاش گەمـارۆدانی هێزە عوسمانييەكە، ناچاريـان بكـات خۆيـان بەدەسـتەوە بـدەن. ئەمەش بەســـەركەوتنێكی گەورە بـــۆ جـــوڵانەوە كـــورديیەكە لەقەڵەمـــدراو هانـــدەرێكيش بـــوو بـــۆ هەنـــديك لەوشـــوێنەكانی ديـــكە دان بە دەســـەڵاتدارێتيی عوسـمان پاشــاو براكەيـدا بنـێن لەشـاری جەزيـرە. هەنديك لەسەرچاوە مێژووييەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە جۆلەمێرگ و ميديات و نسێبين و زاخۆو ئاميدی، لەو ناوچانە بـوون كە كەوتـوونەتە چوارچێوەی دەسەڵاتە نوێيەكەی ميری نوێی بۆتان.[21]

شـــايەنی باســـە، هەنـــدێك لەو ســـەرچاوانەی كە بەديـــدێكی هاوسۆزييەوە روانيويـانەتە ئەم جوڵانەوەو سـەركردەكانی، ئاماژەيـان بەوە داوە، كە دەوڵەتـی عوسـمانيی بەو هـۆيەی نەيتوانيـوە بەهێـزی سـەربازيی سـەركوتی جـوڵانەوەكە بكـات و بەسـەريدا سـەربكەوێت، هەربۆە سوڵتان عەبدولحەميد پەنای بۆ فێڵ و تەڵەكە بردووەو لەڕێگای كـردنەوەی دەرگـای گفتۆگـۆوە لەگەڵ عوسـمان پاشـاو حوسـێن پاشـا، بەنـاوی جێبەجێكردنـی داواكارييەكانيـان، پيلانـی گرتنـی رێبەرانـی جـوڵانەوەكەی جێبەجێكـردووەو لەو رێـگەيەوەيە توانيـويەتی كۆتـايی پێبهێنێت.[22]

بەوردبوونەوە لەسەرچاوە مێژووييەكان دەردەكەوێت كە جوڵانەوە چەكدارييەكەی عوسمان پاشـاو حوسێن كەنعـانی بـرای، راستە لەوەدا ســـەركەوتووە كە دەرفەتـــی بۆشـــاييە ســـەربازيی و ئيـــدارييەكەو نـاڕەزايەتيی خەڵـك لەدەسـەڵاتدارانی عوسمانيی بقۆزێتەوە بۆئەوەی بگەڕێنەوە جەزيرەو ژيانەوەی ميرنشين بۆتان رابگەيەنن و هەوڵبدەن

---

[20] ئەڤريانۆڤ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٨.

[21] محمد امين زكي، مشاهير الكرد و كردستان، في الدور الاسلامي، نقله الى العربية: سانحة امين زكي، الجزء الاول/، سليمانية،2005، ص 303 .، جليل جليل،سەرچاوەی پێشوو، ل46.

[22] بلەج شيركو،سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨-٥٩ .، محمد امين زكي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٣.

که بەشێک لەناوچەکانی دیکە لەکوردستان بخەنە سەر قەڵەمڕەوی بۆتان، بەڵام ئەم جوڵانەوەیە، نە ئەوەندە خاوەن بەرنامەو ستراتیژێکی دووربینانە و ڕێبەرایەتییەکی لێهاتوو و هێزو توانایەکی سەربازیی تۆکمە بوو بۆئەوەی دەستکەوتەکانی خۆی پەرەپێبدات و بەرگەی ئەو فشارو پەلامارانە بگرێت کەلەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دەکرایە سەری و نە توانی لەسەر ئاستی کوردستان و دەرەوەش یەکێتییەکی بەهێزو دۆست و پشتیوان بۆ جوڵانەوەکە پەیدا بکات بۆئەوەی ڕەوشێکی نوێ لەکوردستاندا بخولقێنێت.

دیارە ژیاندنەوەی میرنشینی بۆتان پاش ٣١ ساڵ لەرووخاندنی لە١٨٤٧داو گێڕانەوەی میلی کاتژمێری مێژوو بەئاراستەی پێچەوانەوە، پاش ئەو هەموو گۆڕانکارییەی کە بەسەر ڕەوشی ناوچەکەو ئیمپراتۆرییەکەدا هاتبوو، کارێکی مەحاڵ بوو. لەو ماوەیەدا حکومەتی عوسمانیی دەسەڵاتێکی ئیداریی و سەربازیی ناوەندگەرای لەکوردستاندا بەزەبری هێز سەپاندبوو، لەهەریەک لەشارەکانی وەک وان و ئەرزڕۆم و دیاربەکر بنکەو سەربازخانەی هەبوو، هێزی لەشکری چواری لەناوچەکەدا جێگیرکردبوو، ئەمە جگە لەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر توانای سەربازیی عوسمانیی بەگشتیی هاتبوون، بەتایبەت کە لەو ماوەیەدا چەندین خوێندنگاو ناوەندی دەوڵەتیی ڕاهێنانی سەربازیی کرابوونەوە کە ئەفسەرانی بروسیی و فەرەنسیی وانەیان تێدا دەوتووەو هەندێک لەئەفسەرانی ئینگلیزیش لەسوپای عوسمانییدا ڕاژەیان دەکرد.

بەواتایەکی تر، ڕاستە ئیدارەی عوسمانیی لەکوردستان، لەپاش شکستیان لەجەنگەکە، تووشی لاوازیی و داڕمان هاتبوو، بەڵام ئەوان بایی ئەوەندەیان هەبوو کە دەیانتوانیی لەکاتی ئەگەری مەترسیی نێوخۆ، هێزگەلێکی ئەو تۆ لەملاو لاوە کۆبکەنەوەو بەسەر هەر جوڵانەوەیەکی خۆجێدا زاڵبن کە بیەوێت دەسەڵاتی دەوڵەت لەناوچەکە وەدەربنێ. لەم ڕووەوە، حکومەتی عوسمانی بەپەلە کەوتەخۆی و هێزێکی زۆری لە بایبورت و ئەرزنجانەوە ڕەوانەی موش کرد، بۆئەوەی ڕێگە لەفراوانبوونی جوڵانەوە کوردییەکە بگرێت، ئنجا

عیزەت پاشای والی دیاربەکر کرایە سەرکردە گشتیی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان. ناوبراو بۆخۆی کەسایەتییەکی سەربازیی بوو، بەوە ناسرابوو کە زۆر توندوتیژو دڵڕەقە. حکومەت دەسەڵاتیکی رەهای بەعیزەت پاشاب بەخشی و جگە لەوەی موچەی ٥٠ هەزار قرشی بۆ بڕییەوە، ئیمکاناتیکی زۆری سەربازیشی خستەبەردەست. ئەوان پاش رێگرتن لەفراوانبوونی جوڵانەوەکە، هێزە کوردییەکانیان لەجەزیرەو دەوروبەری گەمارۆدا. هێزێکی سەربازیی عوسمانیی، توانیان لەنزیک شیرناخەوە گورزێکی توند لەو هێزە کوردییە بوەشێنن کە عوسمان پاشا بەدرخان سەرپەرشتیدەکردو ناچاریان کرد بەرەو ناوەندی شاری جەزیرە بکشێتەوە. ئەو هێزە سەربازییە تورکییەشی کە لە بدلیسەوە هاتبوو، ئەویش پەلاماری هێزەکەی حوسێن پاشای داو تێکیشکاندو ناچاری کرد بۆ جەزیرە بکشێتەوە. لەئاکامی ئەو شکستە سەربازییانەش ،هێزە کوردییەکان وەریان دابەزی و لەشاری جزیرەدا لەلایەن هێزە تورکییەکانەوە گەمارۆدران. پاشتر هێزە کوردییە گەمارۆدراوەکە خۆی لەبەر هێرشی سوپای عوسمانیدا بۆ نەگیراو لەجەزیرە دەرپەڕین و بەو چیاو دۆڵەکانی ئەو ناوچەیەدا پەرتو بڵاوبوونەوە.

شایەنی باسە، رێبەرایەتیی جوڵانەوەکە، نەیانتوانیی بەشێک لەو سەرکردەو کەسایەتییە کوردانە بێینە ریزی جوڵانەوەکەیانەوە کە خاوەنی سەنگی تایبەتی خۆیان بوون و دەیانتوانی خەڵکانیکی زیاتر بێینە ریزەوە. بۆنموونە کەسایەتییەکی وەک شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کە لەکاتی جەنگی روسی-عوسمانییدا، کرابووە فەرماندەی گشتی هێزە نانیزامییەکانی کوردستان و جگە لەوەی کەسایەتییەکی گوێلیگراو بوو، لەسیاسەتی دەوڵەتیش ناڕازیی بوو. راستە دواتر ناوبراو لەساڵی ١٨٨٠دا، جوڵانەوەیەکی گەورەی بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەرپاکرد، بەڵام هەتا ئەم جوڵانەوەیەی عوسمان و حوسێنی برای سەرکوت نەکرا، ئەو دەستی بە هیچ چالاکییەک نەکرد. دیارە لەم مەسەلەیەدا دەگونجێت ململانێی بنەماڵەیی و دەسەلاتخوازیی رۆڵی خۆی هەبێت، چونەکە هەردوولا بەرجەستەی دوو جۆر رێبەرایەتیی

سیاسیی و کۆمەڵایەتییان دەکرد، کە کوڕانی بەدرخان خۆیان بەمیرو خاوەن مافی میرایەتیی میراتگر دەزانی و شێخەکانیش لەدوای رووخاندنی میرنشینە کوردییەکانەوە، بەرجەستەی نمونەیەکی دیکەی رێبەرایەتیی بوون. جگە لەوەش تەنانەت عوسمان پاشاوە حوسێنی برای، نەیانتوانی براکانی دیکەیان لەئەستەمبوڵ و شوێنەکانی دیکە رازیبکەن کە بێنە نێو جوڵانەوەکەیانەوە. ئەوەش وایکرد کە جوڵانەوەکە لەرووی سەرکردایەتیی و پشتگیریی جەماوەرییەوە لاوازبێت و هیچ یەک لە شارە کوردییە گەورەکانی وەک دیاربەکرو ئەرزرۆم و وان و تەنانەت ئەرزنجان و هەکاریش لەگەڵ جەزیرەدا دژی تورکان رانەپەڕن. لەوەش زیاتر، تەنانەت دێرسیم کە لەتەواوی مێژووی خۆیدا بەردەوام لەدژی عوسمانییەکان لەراپەڕین و بەرەبەرەکانیدا بووە، لە ماوەی جوڵانەوەکەی عوسمان پاشاو براکەیدا، بێدەنگیان هەڵبژاردو هیچ پەلامارێکیان دژی عوسمانییەکان ئەنجامنەدا. ئەڤریانۆف، ئەم هەڵوێستە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شێخ حوسێنی سەرکردەی دێرسم لەلایەن تورکەکانەوە کڕرابوو.[23]

هەروەها لەم قۆناغەی کە جوڵانەوەکەی عوسمان پاشا و حوسێن پاشای تێدا روویدا، مەسەلەی ئەرمەنیی و چالاکیی ئەرمەنەکان لەدەرەوەو ناوەی وڵاتەکە تادەهات زیاتر دەبوو، رێبەرایەتیی جوڵانەوەکە، پێناچیت هیچ پەیوەندییەکی بەئەرمەنەکانەوە کردبێ بۆئەوەی پێشنیاری کاری هاوبەشی و پشتگیرییان لێ بکات، وێڕای ئەوەی کە ئەرمەنەکانیش لەو تەرزە رێبەرایەتییەو ئامانجەکەشیان کە گێڕانەوەی قەوارەی میرنەشینی بوو، دەسڵەمینەوە. نەک هەر ئەوە تەنانەت پیناچێت لەگەڵ ئاسورییەکانیشدا هیچ پەیوەندییەک و کاری پێکەوەیی هەبووبێت، ئەوەی بۆ جوڵانەوەکە زۆر گرنگ بوو، چونکە هەموومان دەزانین کە چۆن پێشتر لەساڵی ١٨٤٧دا، یەکێک لەو پاساوە سەرەکییانەی کە هانی عوسمانییەکانی دا پەلاماری میرنشینی بۆتان بدەن، مەسەلەی ئاسورییەکان و نواندنی توندوتیژیی بوو

---

[23] ئەڤریانۆڤ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٩.

بەرامبەریان، ئەوەی کە هەندێک لەزلهێزەکانی وەک بریتانیا زۆر بەبایەخ وەریدەگرت. ئەوەی کە دەبینرێت تەنیا ڕاکێشانی هەندێک لەهێزی ئیزدییەکانە بۆ نێو جولانەوەکە و نەنواندنی هیچ توندوتیژییەکە دژی ئاسوورییەکان، کە دەشێ ڕوویەکی گەشی جولانەوەکە بێت، بەڵام زۆر لەسەنگ و هێزی جولانەوەکەی لەبەرامبەر لەشکری عوسمانیی قورس نەدەکرد.

لەوەش زیاتر، خواست و ئامانجی سەرکردەکان لەجولانەوەیەکی ئەوتۆتدا کاریگەریی خۆی لەسەر تەیارکردنی هێزەکان و ئایندەی خودی جولانەوەکەو توانای بەرەنگاریی هەیە لەگەل دوژمنەکانی.

هەر لەم ڕووەوە، محەمەد صالح بەدرخان، لەیادی مەرگی حوسین کەنعان پاشادا، لە ژمارەی ٣ی گۆڤاری "رۆژ کورد" کە لەئەستەمبول چاپ و بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بەناوبراو نووسیویەتی:

"کە شەڕ لەگەل ڕووسیادا قەوما، ئەو هێشتا تەمەنی لە ١٩ ساڵان تێپەڕی نەکردبوو. بەڵام دەیویست لەم شەڕەدا بەشدار بێ، چونکە هەستی وابوو کە ئادەمیزاد دەبێ خزمەتی ئاین و دەوڵەتی لە دروشم و ئەرکە سەرەکییەکان بێ. جا بۆیە ویستی بەخوێن و ژیانی، لەپێناو ئەو دەوڵەتەی لەسێبەریدا دەژیا، خۆی بکاتە قوربانی. هەر کە داواکەی پەسەندکرا، یەکسەر چووە ئەدەنەو لەوێ ٣٥٠٠ خۆبەخشی کوردی کۆکردنەوە، بەشێوەیەکی وا جوامێرانە یەشداریی لە شەڕەکەدا کرد ژیانی زۆر لەلا بێ بایەخ بوو، ئەو پەڕی نموونەی قوربانی و گیانفیدایی نیشان دا، زۆر شوێنی لاشەی بریندارکرا. کە گەڕایەوە ئەستەمبوڵ پتر لە ٣٠٠٠ شەهیدی کوردی خۆبەخشی لەدوای خۆی بەجێهێشت، دەوڵەتیش قوربانییەکانی ئەوی بەهەند هەڵنەگرت لە مەڵبەندی سەرەکی خۆشیان، وەک تەواوی ئەندامانی خانەوادەکەی ، دوای ئەوەی هەرچی دارایی خۆیان هەبوو، هەموویان لێ سەندرابوو، بۆیە هیچی بۆ نەمابۆوەوە. جا بۆ وەرگرتنەوەی بەشە میراتی خۆی ناچاربوو ، لەگەڵ عوسمان پاشای براگەورەکەی، بگەڕێتەوە کوردستان زێدی باووباپیرانی. بەڵام لەبەرئەوەی حکومەتی حەمیدی

لەوێ لێی دڵنیا نەبوو، بۆیە ترسیان لێ نیشتبووویستیان بەزۆرەملی بیگەڕێننەوە، کە ناردنی سەربازو سوپا کەڵکی نەبوو، دواجار وایان بەباش زانی بەحری برای پاشای برای بنێرنە لای ، ئەویش دوای دڵنیا کردنەوەی هێنایانە ئاستانە، ئنجا دوای ماوەیەک بۆ دیمەشق دوورخرایەوە، لەوی لەچەندین قایمقامییەت بەشداری کر، پاشان کردیانە والی یەمەن."[24]

هەروەها باربارا هێنینگ، سەبارەت بەچارەنووسی حوسێن کەنعان پاشا، دەڵێت کە بەگوێرەی سجیلی ئەحوالی لەدەزگای بەڵگەنامەی عوسمانیی، حوسێن کەنعان پاشا، پاش دوو ساڵ بە بێکار مانەوەی لەئەستەمبوڵ، کراوەتە ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی ئەستەمبول بە مانگانەی ۲۵۰۰ قروش.[25]

ئەمەش وای لە باربارا کردووە، کە وێڕای ئەوەی پێی وایە هەمیشە بەدرخانییەکان چاویان لەگێڕانەوەی نفوزو دەسەڵاتی خۆیان بووە بۆ جەزیرەی بۆتان، بڵێت کە هەمیشە خەبات بۆ خودموختاری پەیوەندی نزیکی بە بوارو خواستە شەخسییەکانەوە هەبووە.[26]

هەروەها ناکارایی ڕێبەرایەتیی جوڵانەوە کوردییەکە ساڵی ۱۸۷۸، لە ڕێکخستن و ئیدارەدانی هێزە چەکدارەکان و هەوڵدانیان بۆ ملکەچپیکردنی ئەو خێل و ناوچانەی ئامادەنەبوون ببنە بەشێک لە جوڵانەوەکەو بەدمامەڵەکردنیان لەگەڵیان، هۆکارێکی کاریگەربوو بۆ پاشەکشەو دواتریش تیکشکانی جوڵانەوەکە.[27]

وادیارە ناردنی بەحری بەگی برای عوسمان پاشاو حسێن پاشا بەدرخان، لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدەوە بۆ ڕازییکردنی ڕێبەرانی جوڵانەوەکەو چارەسەرکردنی کێشەکەو کۆتاییپێهێنانی، بیرۆکەی

---

[24] ڕوژ کرد،گۆڤاری جڤاتی هێڤی قوتابیانی کورد ۱۹۱۳-ئەستەمبوڵ، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی: عەبدوڵڕ زەنگەنە، بەرگی ۳، بنکەی ژین ، سلێمانی ، ۲۰۰۵، ل٤ .

[25] Barbara Henning: Narratives of the History of Ottoman-Kurdish Bedirhani Family in Imperial and post-Imperial Contextes, University of Bamberg press, 2018, p172

[26] Ibid .

[27] کامیران عبدالصمد احمد دوسکي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦.

کەسـایەتیی ناسـراو و شێخولئیسـلام و راوێژکـاری نێـو کۆشـکی سـوڵتانیی، ئەبوهـودا سـەیادیی بێـت، ئەوەی کە پەیوەنـدیی تونـدوتۆڵی لەگەڵ کـوڕانی بەردخـانی بەتـایبەت بەحـری بەگ و بەدری بەگ و تەنـانەت خـودی عوسـمان پاشاشـدا هەبـوو، ئەوەی خـودی عوسـمان پاشـاش پاشـتر لەچـاوییکەوتنەکەی لەگەڵ پەیـامنیرە فەرەنسـییەکە لەلەنـدەن لەسـاڵی ١٩٠٠، ئەوەی دواتـر دەقەکەی رادەگـوێزین، راستەوخۆ ئاماژەی بۆ ئەبولهودای سەیادیی کردووە. عوسمان پاشـاش پاش ئەوەی لەبەردەم هێزەکانی لەشکری عوسمانیی پاشەکشـەی کـردو بەرگەی نەگرت و لەشاری جەزیرە دەرپەڕێنران، لەوە بێهیوا بـوو کە بتوانێت بە زۆری چەک و هێز سوڵتان ناچاربکات دەسـەڵاتی میراتیـی لەبۆتاندا بۆ بچەسپێنێت، هەربۆیە وەک بەدرخان بەگی باوکی، رێگای رێکەوتن و سازشی گرتەبەرو بەرەوبەئومێدی ئەو بەڵێنـانەی کە پێـی درابـوو، بەرەو ئەسـتەمبوڵ رۆیشـت. دیـارە ئەویـش پـاش مـاوەیەک پەراوێزخستن، پۆست و پلەی سـەربازیی خۆی وەرگرتەوەولەسوپادا ئەرکی پێ سپێردراو بووەوە بەشێک لەسیستمەکەی سوڵتان!

وەک خالفین دەڵێت، کە تیرۆری دەسـەڵاتدارانی تورکیی تەنیا خەڵـکە کوردە ئاسـاییەکەی گـرتەوەو دەرەبەگە خۆجێی و سـەرۆک خێڵەکـانی نەگرتەوە، تەنـانەت سـەرکردەو ئەوانەشـی لەراپەرینەکە بەشداربوون تووشی هیچ سزایەک نەبوونەوە.[28]

[28] خالفین، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٧-١١٨.

## هەڵاتنی عوسمان پاشا بەدرخان و ڕاگەیاندنی پەیامی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی دەستووریی کوردستان

ئاشکرایە، کە دوا دەیەی حوکمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، بەیەکێک لەو قۆناغە هەرە ئاڵۆزو هەستیارەکانی مێژووی ئیمپراتۆریی عوسمانیی دادەنرێت، ئەوەی کە تێیدا، کێشەو قەیرانە توندە نێوخۆییەکانی ئیمپراتۆرییەتەکەو ململانێ و فشاری دەرەکیی زلهێزەکان و ڕکابەرییان بۆ بەدەستهێنانی زیاتری جیاوگ و دەستکەوتی ئابووری و بازرگانیی و جێبەجێکردنی پیلانە ئایندەییەکانیان، سەبارەت بە دەوڵەتی عوسمانیی، لەوپەڕی گەرمیی و ئاڵۆزییدا بوو. لەم ڕووەوە، دەرکەوتنی بەهێزی پرسی ئەرمەنیی و ئەو پاڵپشتییە بەهێزەی لەدەرەوە لێیدەکرا، هەروەها دەرکەوتنی ڕەوتی ناسیونالیستی لەنێو دەستەبژێری گەلانی غەیرەتورکی ئیمپراتۆرییەکەو هەروەها پەرەسەندنی جوڵانەوەی لیبراڵیی عوسمانیی بەهەموو باڵەکانییەوە، بەتایبەتی لەدەرەوە پاش ئەوەی بەهۆی سانسۆڕو فشاری دەستگا هەواڵگرییەکانی سوڵتانەوە دەرفەتی مانەوەیان لەوڵاتدا نەمایەوە، گرنگترین دیارە سەرەکییەکان بوون کە نەک هەر کاریگەریی قووڵیان لەئایندەی دەسەڵاتی حەمیدییدا هەبوو، بەڵکو دواتر چارەنووسی ئیمپراتۆرییەکەشیان دیارییکرد.

هەر لەم قۆناغەدا، لەناوخۆی دەسەڵات و بڕیارسازییەوە، ململانییەکی بەهێزیش لەنێوان کوشکی یەڵدزو بابی عالیدا هەبوو، بەتایبەت کە کاریگەریی جوڵانەوە لیبراڵییەکە لەدەرەوە بەشێوەیەک بوو، کە لەنێو بیرۆکراتیی حکومیشدا دۆست و لایەنگری بۆ خۆی بەدیهێنابوو، ئەوانەی بە بیری ڕۆژئاواگەرایی و دامەزراندنی حکومەتی دەستووریی گۆشکرابوون و دژی ئەو شێوازە ئۆتۆکراتییە سونەتخوازییە دژە دەستورییە توندو سانسۆرکارو هەژمونگەرایەی حوکمی حەمیدیی بوون. هەروەها ئەوەی لەم قۆناغەدا، تێبینییدەکرێت ئەوەیە، کە بەشێک لەوانەی کە لەنێو گەمەی ئەو ململانێیانەدا تێکدەشکان، یان بەرگەی ئەو هەژمونگەراییەیان نەدەگرت و

مانەوەیان لەنێو سیستمەکە بەباش نەدەزانی، یان بەهۆکارێک لەسوڵتان زویر دەبوون، ملی ڕێگای دەرەوەیان دەگرتەبەرو بەو هۆیەشەوە کە پەرسی ئەرمەنیی و چالاکی لیبراڵەکان لەدەرەوەی ئیمپراتۆرییەکە، لەم قۆناغەدا بەتەواویی گەرمبوو، ڕۆژنامە بیانییەکان و میدیای ئەوروپیی ئەو هەواڵانەیان بە تینوتاوەوە بڵاودەکردەوەو وەک بابەتێکی پرۆپاگەندەیی دژی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، کە پاش کوشتاری ئەرمەنەکان لە ١٨٩٦دا، بە سوڵتانی سوور، لەمیدیا جیهانییەکاندا ناوی دەرکرد، بەکاریاندەهێنا.

دیارە کوڕانی بەدرخان بەگ و نەوەکانیشی لەژێر کاریگەریی ئەم ڕەوشە بەدەرنەبوون، ئەوانەی کە بەشێکی زۆریان لەئەستەمبوڵ بوون و لەچوارچێوەی سیستمی حەمیدیدا خۆیان گونجاندبوو. بەڵام لەدوا ساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە، وردە وردە ناوی هەندێک لە نەوەکانی بەدرخان بەگ لەچوارچێوەی نەیارە هەڵاتووەکانی سوڵتان و ئیمپراتۆرییەکە لەدەرەوە، بەتایبەت لە قاهیرەو جنێف و پاریس، دەبیسترێن، بەدیارییکراوی ناوی کەسانی وەک میقداد میدحەت بەردخان و عەبدولڕەحمان بەدرخان، ئەو دووانەی کە لەکۆتایی زستانی ساڵی ١٨٩٧دا، چوونە دەرەوەی ئیمپراتۆرییەکە و لەو ماوەیەشدا گەورەترین کارو چارکییان دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی بوو بەناوی "کوردستان" لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨دا لەقاهیرە.ئەوەی بیروبۆچوونی کوردانەی دژ بە ڕژێمی حەمیدیی و ستەمکاریی عوسمانیی بڵاودەکردەوە.

شایەنی باسە، میر عوسمان پاشا بەدرخانیش، یەکێکە لەو کوڕانەی بەدرخان، کە لەم قۆناغە مێژووییەدا، کۆشکی سوڵتان و ئمپیراتۆرییەکەی جێهشتووەو ڕووی لە دەرەوەی ئیمپارتۆرییەتی عوسمانیی کردووە. ئەوەی سەرچاوە مێژووییەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە نەوەی بەدرخانییەکان و کارو چالاکیی سیاسیی و ڕۆشنبیرییان، باسیان نەکردووەو تیشکیان نەخستۆتەسەر. تەنانەت کۆڵەرێکی بەتواناو لیهاتووی وەک باربارا هینینگ، لەو کتێبە بایەخدارەی کە لەسەر بەدرخانییەکان نووسیویەتی، ساڵی چوونە

دەرەوەی عوسمان پاشای بەهەڵە تۆمار کردووەو دەڵێت کە ناوبراو لەساڵی ١٩٠٠ بەپەلە لە ئیمپراتۆرییەکە چۆتە دەرەوە.[29]

لەکاتێکدا، بەڵگەی مێژوویی هەیە کە هەڵاتنی عوسمان پاشا بۆ دەرەوەی قەڵەمڕەوی عوسمانیی، لەبەهاری ١٨٩٨دا بووە. هەر لەم رووەو، رۆژنامەی فەرەنسیی ( GAL BLAS) کە لەرۆژی شەممەی رێکەوتی ٢٨ی مایۆی ١٨٩٨دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەلاپەڕە ٢ی خۆیدا و لەژێر ناونیشانی"بەدرخانزادە" نووسیویەتی:

ئەستەمبوڵ، ٢٧ مایۆ. عوسمان پاشا میری کوردستان کە یەکێکە لەهاندەرانی یاخیبوونی خێڵەکانی کوردستان دژی حکومەت، کەوتەخۆی و ئەستەمبوڵی بەرەو روسیا جێهێشت."

دیسانەوە، لەهەمان رۆژدا، واتە ٢٨ی مایۆی ١٨٩٨دا، رۆژنامەی فەرەنسیی (Le Temps)، هەمان هەواڵی هەڵاتنی عوسمان پاشا بەدرخانی لەئەستەمبوڵەوە بۆ روسیا، چاپ و بڵاوکردۆتەوە.

دیارە ئەم دوو رۆژنامە فەرەنسییە، وردەکاریی هەڵاتنەکەی عوسمان پاشایان بلاونەکردۆتەوە، بەڵام ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە هەڵاتنەی عوسمان پاشا دووساڵ پێش ئەو مێژووەیە کە باربارا لەکتێبەکەیدا تۆماری کردووە.

---

29 Barbara Henning , Op, Cit. p259.



**La Grande Union Viticole de France,** en outre de tous ses vins de France, s'est assuré un lot de **10,000** barriques de très bons vins rouges de la province d'Alger (Sahel et ses environs) récolte 1897, qu'elle livre au prix de **125 francs** la barrique de 225 litres, fût compris, dans la cave de l'acheteur, ou **120 francs** sans le fût.

On peut demander **échantillon** ou **goûter** au bureau des commandes, 85, rue Richelieu, 85.

**On demande de bons courtiers munis de références sérieuses.**

# HORS DE FRANCE

## NOUVELLES

*Constantinople, 27 mai.*

Bedrhan-Zade-Osman pacha, émir du Kurdistan, qui fut autrefois l'instigateur d'une grave révolte des tribus du Kurdistan contre le gouvernement auquel il se rallia ensuite, vient de nouveau de quitter Constantinople pour la Russie.

L'évacuation de la seconde zone est presque complète.

Selon quelques journaux, les habitants de Koutzoulliani, village cédé à la Turquie, ont incendié ce village et sont venus s'installer en deçà de la nouvelle frontière.

*Berlin, 27 mai.*

Le *Tageblatt* prenant texte de l'accueil cordial fait au duc et à la duchesse de Sparte

fois pincé et triste, — de martyre froissée et résignée, — s'approchant de Vaguin, lui prit la main avec une affection mélancolique.

— Puisque le capitaine exclut sa mère de ses confidences, j'espère en votre amitié, Vaguin, pour lui donner des conseils qui nous épargnent à lui et à nous, tels embarras que l'on peut redouter sans se montrer, *péchère!* trop prudente!

Vaguin, en jetant par dessus un regard ironique vers le capitaine, s'inclina avec un grand air de componction.

— Ah! oui! fichtre! capitaine, dit-il, de la prudence! Dans cette vie on peut tout

vélocipédique franco-russe, qui sera en même temps une société de bienfaisance.

Vienne, 27 mai.

D'après la *Neue Presse*, le marquis de Hoyos, ambassadeur d'Espagne, présentera prochainement à l'empereur ses lettres de rappel. En retournant en Espagne, il passera par Paris où il aura une entrevue avec M. Leon y Castillo.

Depuis plusieurs mois déjà, le marquis de Hoyos n'a pas eu l'occasion de s'entretenir avec l'empereur.

Le *Pester loyd* et la *Neue Presse* disent que, pour le moment, il n'est pas question d'intervention des puissances.

Le *Pester loyd* public une dépêche de Belgrade disant que le prince Ferdinand est retourné en Bulgarie par mer, afin d'échapper à un attentat qui devait se produire entre Tzaribrod et Sofia.

Cette nouvelle est sujette à caution.

Constantinople, 27 mai.

Bedrhan-Zade-Osman pacha, émir du Kurdistan, qui fut autrefois l'instigateur d'une grave révolte des tribus du Kurdistan contre le gouvernement auquel il se rallia ensuite, vient de nouveau de quitter Constantinople pour la Russie.

Berne, 27 mai.

Le Conseil fédéral a décrété l'expulsion du territoire suisse de M. Giovanni Peduzzi de Schignano, province de Côme, un des promoteurs du récent mouvement des Italiens en Suisse...

## دیـدارێکی رۆژنـامەوانیی میـر عوسـمان پاشـا بەدرخـان لەگەڵ پەیامنێری رۆژنامەیەکی فەرەنسیی لە لەندەن.

بەداخەوە، بەسەروبنکردنی تەواوی سەرچاوە مێژووییە کوردیی و عەرەبییەکان و ئەوانەشی کە تایبەتن لەسەر مێژوو و چالاکیی سیاسیی و رۆشنبیریی ئەندامانی بنەماڵەی بەدرخانیی، جگە لەوەی ئاماژەیەک بە هەڵاتنی عوسمان پاشا لەساڵی ١٨٩٨دا، بۆ دەرەوی ئیمپراتۆریی عوسـمانیی ناکرێـت، لەتەواوی سەرچاوەکانیشـیدا هـیچ زانیـارییەک لەسـەر ئەو مـاوەیە، کە نزیـک بەچـوار سـاڵە، نەخراوەتەبەرچـاو کە نـاوبراو لەدەرەوە بەسـەری بـردووە. دیـارە عوسـمان پاشـا، یەکەمـین سـەرکردەی کلاسـیکی کـوردە کە لەو قۆنـاغەدا سـەردانی لەنـدەنی پایتەختی وڵاتی بریتانیای مەزنی کردبێت. ئەوەی لەم رووەوە جێگەی بـایەخە ئەوەیە عوسمان پاشـا هەر لەوێشـەوە پەیـامی خۆی ئاراستەی دەوڵەتی عوسمانیی و سوڵتان کردووە، پاش ئەوەی (ستیڤانی لۆزان) پەیامنێری رۆژنامەی فەرەنسیی (LE MATIN) لە لەندەن، لە١٧ی دیسەمبەری ١٩٠٠دا، بوونی خۆی لەوێ قۆزتۆتەوەو دیدارێکی یەک کـاتژمێریی لەگەڵ عوسمان پاشـا بەدرخانـدا کـردووەو لەرۆژی ١٨ی دیسـەمبەردا، رۆژنـامەکە لەستونی یەکەمـی لاپەڕەی سێیەمی خۆیدا، لەژێـر ناونیشـانی "یـاخیببوونێکی کـراوە. دیـدارێک لەگەل عوسـمان پاشا، دوژمنی عەبدولحەمید کە داوای جەنگانێکی بەهێزو تـاکو مـردن دەکـــات" چـــاپ و بڵاویکـــردۆتەوە. ئەوەی لێـــرەدا بـــۆ یەکەمجـــار بڵاویدەکەینەوە. لەم دیارەدا هاتووە:

" پێـدەچێت ئیمپراتـۆریی عوسـمانیی چیـدی شـوێنێکی نـاخۆش و بێزارکەر بێت بۆمـانەوە. بەهۆی ئەو ستەمکارییەوە کە وایکـردووە سـەروەریی عوسـمانیی پایمـاڵ بێـت وئەوانەی ئومێـدیکیان هەبـوو ئیمپراتـۆرییەکە بەرەو شارسـتانییەت بچێـت ئیـدی بەو مـایەپوچیی و بەتـاڵییەی ئیمپراتـۆریی عوسـمانیی نـاخەڵەتێن و بەچـاوی خۆیـان لەداهاتوودا، هەرەسی ئیمپراتۆرییەکە دەبینن.

پێشتر محمود پاشا زاوای سوڵتان عەبدولحەمید، ئەوەی توانای چاودێریی هەڵخەڵەتێنێ و خۆی و دوو کوڕەکەی بەسواری پاپۆڕێکی بیانیی هەڵهات، بۆئەوەی لەدوورەوە پشتگیریی لە بیری چاکسازیی و پێشکەوتن بکات. دوینێش ئیسماعیل کەمال بەگ، کە بەرزترین پێگەی لەتورکیا هەبوو، ئەوەی حکومەت لەبارەی هەوڵەکانییەوە قسەی دەکرد، هات بۆئەوەی لە برۆکسل نیشتەجێ بێت و بە بەردەوامیی خەریکی ئامادەکردنی نامیلەکەیەکە.
دواجار ئەمڕۆش عوسمان پاشایە، کە ژێنڕاڵیکی سوپای عوسمانییە و میراتگری راستەوخۆی میری کوردستانە، ئەوەی بەنهێنیی تورکیای بەجێهێشتووەو لەم سەعاتەدا لە لەندەنە.
پێشتر مەحمود پاشا میربوو، ئیسماعیل کەمال بەگیش دیپلۆمات بوو، عوسمانیش بۆخۆی سەربازە، هەربۆیە ئەو نە بەقەڵەم و نە بە وتار دەیەوێت تورکیا لەو ستەمکارییە بێنێتە دەرەوە کە بەشمشێر سوکایەتیی پێدەکات.

## پیاوێکی چالاک

ئەمڕۆ نزیک بە کاتژمێریک لە لەندەن چاوم پێیکەوت، گوێم لەدەنگە ئارام و هێواشەکەی گرت و پلانەکانی بۆ یاخیبوون بۆم ئاشکراکردو داخ و پەژارەکانی خۆی بۆ دەرخستم. من هێشتا لەژێر کاریگەریی ئەو مەزنەم کە بە خەندەی منداڵئاسای و بەزمانێکی هێور پێی وتم:" زۆر دەگونجێت لەوەی هەوڵی بۆ دەدەم سەرم دانێم، بەڵام بەچەشنێکی توند بەشانەکانمەوە بەستراوەتەوە کە زۆر بەئاسانیی دەتوانم زیاتر لەهەر کەسێکی دیکە ریسکی پێوەبکەم."
ئەو یەکەمین جار باسی چیرۆکی خۆی بۆکردم، سەبارەت بە باوکی کە میری کوردستان بەدرخان ئەلخالیدییە و ناوی ئەفسانەیی هەر لەقەفقاسەوە تاوەکو دەریای سوور بڵاوە، ئەوەی بۆ ماوەی نیو سەدە دژی هەریەک لەئێران و تورکیا تێکۆشاوە.

کوڕەکەشـــی هەروەک بـــاوکی، لەســـەرەتای تەمەنـــی لاوێتیـــیەوە، لەسەر حیسابی خۆی، ٥٠٠٠ کوردی ئامادەو چەکدارکردووەو لەگەڵ ئەواندا، شانبەشانی تورک، دژی روسیا ئازایانە جەنگا. بەڵام دوژمنی راستیینەی ئەو هاوپەیمانەکانی بوون.

هەربـــۆیە، بەزوویـــی پـــاش رێکەوتننـــامەی ســـان ســـتیڤانۆ، ئەو کوردستانی راپەڕانـد و بـۆ سـاڵانیکیش بەری بەپێشڕەویی هەزاران سەربازی تورک لەچیاکان گرت.

هەرچەنـــدە لەو کـــاتەدا، کە هێـــز شکســـتی هێنـــا، فێـــل و غەدر سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. عەبدولحەمید، ئەبولهودای نارد کە لەکۆشکدا دەســـەڵات و نفـــوزی هەبـــوو، ئەوەی کـــاریگەریی لەســـەر خێزانـــی عوسمان هەبوو بۆئەوەی لەگەڵی رێکبکەون.

پێویست بەوتن ناکات، کە عەبدولحەمید هیچ کات رێزی لەو شتە گرتووە کە لەژێرەوە مۆری خۆی لێداوە؟!!

لەساڵی پارداو لەکاتی پشووی جەژن، دیمەنێکی سەیرمان بینی، لەکاتێکدا عەبدولحەمید لەسەر تەخت دانیشتبوو بۆ پێشوازیی و بینینی کەسایەتییەکانی ئیمپراتۆرییەکەو نوێنەرانی هێزە بیانییەکان، عوسمان لەم کـــاتەدا خـــۆیکرد بە کۆشـــکداو چـــووە ژورەکەی ســـوڵتان و وەک نوانـــدنی نیشـــانەی نـــاڕەزایەتیی و یـــاخیبوون، چـــاکەت و نیشـــانە سەربازییەکانی لەبەر پێیی سوڵتاندا فڕێدا.

پاسەوانەکانی سوڵتان، عوسمانیان قۆڵبەستکردو پاش هەشت رۆژ رەوانەی ســـالۆنیکا کـــرا. بەڵام پـــاش چەنـــد رۆژێـــک عوســـمان بەرگە ســـەربازییە ژێنـــڕاڵییەکەی لەبەر کـــردو لەژێـــر لـــوتی ســـیخوڕ و چاودێرانی سوڵتان عەبدولحەمیدەوە، بەری بە کەشتییەکی فەرەنسیی لەدەروازەی تەنـــگەی ســـالۆنیکا گـــرت و بەبێـــئەوەی دەســـەڵاتدارانی عوسمانیی پێبزانن، کاتی ئەوەی دەستکەوت بچێتە ناو کەشتییەکەوە.

## پرۆژەیەکی فراوان

ئەمە ئەوەبوو کە عوسمان پاشا لەرابردوودا کردوویەتی، ئەمێستا خودی خۆی بەدەنگێکی هێور، بەڵام بە ئیرادەیەکی بەهێزو نەپساوەوە، پێمان دەڵێت کە لەئایندەدا نیازی چی هەیە.

" من تەنیا بەشێوەیەکی کاتیی و تێپەر لێرەم، ملی رێ دەگرم و لەگەڵ ئەو هەوادارانەم کە نەک تەنیا لەئەوروپا هەن بەڵکو ئەوانەی لەمیسریشن، دەگەرێمەوە کوردستان. تەواوی گەلەکەم لەوێ چاوەڕیی من دەکەن و لەگەڵ تەواوی خەڵکی ئەرمەنیشدا شانبەشانی یەکدی رێدەکەین. کوردەکان و ئەرمەنەکان، بەنهێنیی چەکداربوون و ئەمێستا چاوەڕیی گەڕانەوەی منن تاوەک یەک پیاو دژی تورکان تاکو مردن بجەنگن.

خەباتێکی لەوانەیە هێندە مەزن بێت کە لەئیمپراتۆریی عوسمانییدا دەبێت پشتگیریی لێ بکرێ، وەک پیاوێکی شێت یان خەیاڵبلاو مەمبینە، من خەون بەتێکدانی پەیوەندیی کوردستان و ئەرمینیا بە تورکیاوە نابینم، ئەوەی من دەیبینم دەرهێنانی کوردستانە لەو پشێویی و پێشێلکردنە کۆمەڵایەتییانە، ئەوەی تورکیا باری گران و پڕ شەرمەزاریی خۆی بەسەریدا سەپاندووەو وایکردووە ئەو خەڵکە جەنگاوەرە بکرێنە ئامرازێک بۆ ستەمکاریی و وێرانکاریی لەخزمەتی دەسەڵاتی رەهای تورکییدا. ئەوەی وایکردووە کە لە پلەی رەگەزە شارستانیەکان بەدەر بێ.

ئەوەی دەمەوێت بەکارهێنانی کاریگەرییەکە کە ناتوانرێ لەسەر گەلی کورد نکۆڵیی لێ بکرێ، لەپێناو گێڕانەوەی نەزم و ئارامیی و کەرامەتی نیشتیمانییدا. تەواوی شارەکانی وەک وان، بدلیس، دیاربەکر، ئەرزڕۆم و تەواوی ناوەندەکانی دیکەو هەموو دانیشتووانەکە، تەنانەت ئەوانەشی کە لەگوندەکانن، چاوەڕیی گەیشتنی منن.

چەک لەزۆربەی شوێنە گرنگەکان هەڵگیراوە، هەر زوو من داخڵی کوردستان بم، سوپایەکی ١٠٠٠٠٠ کەسی ئامادە دەبێت."

ئەو، هەمــــوو ئەوانەی بەشـــێوەیەکی راشـــکاو وت، هــــیمەت و نیشـاتیکی ئـاوا ، پێناچێت کەوا هەر بـاوبژێکی تێپەڕ بێت، ئەم پیـاوە وادەردەکەوێت کە زۆر لەخۆی بەئاگابێت و لەو هێزەی ئەو هەیەتـی هەسـت بەوە دەکرێـت کە ئەوەی دەیڵێـت ، دەیکـات. نـاتوانم مــن هاوکاربم، بەڵام سەرنجم بۆ ئەوە راکێشا کە لەوانەیە جێگای مەترسیی بێت کە سەبارەت بەویست و بڕیارەکانی وا بە راشکاوانە بدوێ!

ئەو وتـی: " نەخێر، چونکە هیچ هێزێک نییە بتوانێت رێگەی ئەوەم لێبگرێت پێ بخەمە سەر خاکی کوردستان، کاتێکیش پێم خستە سەر ئەو خاکە، هیچ هێزێک نییە رێگەی ئەو پلانەم لێبگرێت کە دەمەوێت جێبەجێیبکەم. دەمەوێ بە بەرزیـی ئەوە بڵێم کە من خوازیـارم بـیکەم. خەڵکەکەم چاوەڕیی منن و منیش دەمەوی بزانن کە دەچم بۆ لایان. ئەم گەلە گەلێکـی بەهێـزە کە تەنیـا سـەرۆکێکی چـالاکی نوقسـانە تـاوەکو بیسـەلمێنن کە شـایەنی ئەوەن شـوێنی شیاوی خۆیـان بگرن و شـایەنی ئەوەن کە گوێڕایەڵی یاسابن و ئازادی خۆیان بەدەستبێنن.

گەلەکەم دەزانێـت کە مـن شـایەنی ئەوەم کـوڕی بـاوکی خـۆم بـم، لەلایەن منیشـــەوە دەزانـــم کە ئەم گەلە شـــایەنی ئەوەیە ســـەرۆکێکی هەبێـت، کەسێکی وا کە هەمـوو شـتێکی لەپێنـاودا بکـاتە قوربـانی، بۆئەوەی بگەڕێتەوە سەر رێگای ئەو دادپەروەرییەی کە شایەنێتی."

دان بەوەدا دەنێم، کە ئەم شێوازە نابـاوە رەهـایە بۆ پێشڕەویی، ئەم بـوێرییە هێمـنەی کە دوژمـن لەو پـرۆژانە ئاگـادار دەکـاتەوە کە دژی دەکرێـــت، بەرزیـــی و بـــاڵایی ئەو ئامانجـــانەی عوســـمان پاشـــاو هەنگاوەکانی بۆ بەدیهێنانیان دەردەخات. ئەوەش بزواندمی و سەرنجی راکێشام. هەروەها زۆر بەختەوەرم کە من یەکەمین کەسم ئەم ویست و خواسـتانە رابگەیەنـم، کە کـاروانی عوسـمان پاشـایە، بەو هیـوایەی جێبەجێکردنی ئەم ویست و هەنگاوە بـوێرانەیە، بەئاشکرا ئەنجـامێکی بەختەوەرانەی لێبکەوێتەوەو سەرکەوتوو بێت."

بەمشـــێوەیە، ئەوەی لەم دیـــدارەداو لەقســـەکانی عوســـمان پاشـــادا دەخوێنرێتەوە ئەوەیە کە:

یەکەم: کوردستان لەحاڵەتی پشێویی و ناجێگیریی سیاسییدایەو لەکاروانی شارستانییەت دواکەوتووە، خەڵکەکەی لەدەسەلاتی حکومەتی عوسمانی و سوڵتان عەبدولحەمدی دووەم نارازین و بەنهێنیی خۆیان چەکدار کردووە و چاوەڕیی عوسمان پاشان بۆ راپەڕینێکی سەرتاسەریی رایانپەڕێنێت.

دووەم: خەڵکی کوردستان سروشتێکی جەنگاوەریی هەیەو میللەتێکی بەهێزن، بەڵام لەلایەن حکومەتی سوڵتانەوە کراونەتە ئامرازێکی وێرانکاریی، ئەوان سەرکردەیان نییە کە ئاراستەیان بکات و رێنشیاندەریان بێت بەرەو رزگاریی و پێشکەوتن.

سێیەم: کورد هاوخەباتە لەگەڵ گەلی ئەرمەن و یەک دوژمنیان هەیە،هەربۆیە دەبێت هەردوولا شانبەشانی یەکتر دژی زوڵم و چەوسانەوەی دەوڵەتی عوسمانیی رێبکەن. ئەمەش ئاراستەیەکی نوێیە لەقۆناغێکی فرە ئاڵۆزو سەختی پەیوەندیی نیوان ئەو دوو گەلەدا.

شایەنی باسە، وێڕای هەموو ئەمانە، عوسمان پاشا باسی لەبوونی هیچ رێکخراوێکی شۆڕشگێڕیی نەکردووە کە ئەرکی ئەو راپەڕینە سەرتاسەرییە بگرێتە ئەستۆو کار بۆ رێکخستن و رێبەرایەتییکردنی بکات، بەڵکو تەواوی مەسەلەکانی بە شەخسی خۆیەوە بەستۆتەوەو وای پێشانداوە کە کوردستان چاوەڕیی گەڕانەوەی ئەون بۆ راپەڕین و بەمزوانەش ئەوە روودەدات!!


Dix-Neuvième Année. — N° 6571

SIX PAGES — Paris et Départements — CINQ CENTIMES

Vendredi 21 Février 1902

# Le Matin

DERNIERS TÉLÉGRAMMES DE LA NUIT

SEUL JOURNAL FRANÇAIS RECEVANT PAR FILS SPÉCIAUX LES DERNIÈRES NOUVELLES DU MONDE ENTIER

## MORPHINOMANES

## DE MIDI A MINUIT

## PROPOS D'UN PARISIEN

## LES ÉTUDIANTS RUSSES

## LA VIE DU FORÇAT

LA SALLE DE TRAVAIL

## LE SERVICE DE DEUX ANS

## A LA BIBLIOTHÈQUE NATIONALE

## A BARCELONE

## NOUVELLES DE LA FRONTIÈRE

## LE JUBILÉ PONTIFICAL

Source gallica.bnf.fr / Bibliothèque nationale de France



داماد مەحموود جەلالەدین پاشا (١٨٥٣-١٩٠٣)

هەر لەم بارەیەوە، بڵاوکراوەی (Pro Armenia)کە بەزمانی فەرەنسیی کە لەپاریس بەشێوەی دەوری دەردەچوو، لە ژمارە ٣ی خۆیدا، کە لە٢٥ی دیسەمبەری ١٩٠٠دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەلاپەڕە ٢٠و٢١ یداو لەژێر ناونیشانی "کوردان و سوڵتان"دا، دووبارە دەقی چاوپێکەوتنەکەی (ستیڤانی لۆزان) ی پەیامنێری رۆژنامەی (LE MATIN)ی لەگەڵ عوسمان پاشا بەدرخاندا بڵاوکردۆتەوەو بەهەندێک جیاوازییەوە.

(Pro Armenia) پێشئەوەی بچێتە سەر بڵاوکردنەوەی دەقی چاوپێکەوتنەکە، لەسەرەتادا دەڵێت: "پەیامنێری رۆژنامەی ( LE MATIN) دیدارێکی سەرنجڕاکێشی لەگەڵ ژێنەڕاڵ عوسمان پاشادا بڵاوکردۆتەوە، کە یەکێکە لە چل کوڕەکەی بەدرخانی دەرەبەگە بەناوبانگەکەی کورد، ئەوەی لەساڵی ١٨٤٠دا، پاش ململانێ دژی هەژمونگەرایی عوسمانییەکان ناوی پەیداکرد.

عوسمان پاشا، برای عەبدولڕەحمان پاشایە، ئەوەی بەم دواییە کە سوڵتان حوکمی نەفیکردنی هەمیشەیی داوە بەرەو زیندانە سەختەکان. ئەو وتیویەتی کە ئامادەیە رێبەری جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەریی بکات دژی رژێمەکەی عەبدولحەمید لەئاسیای بچووکدا، لەوێ کە کورد و ئەرمەنەکان پاش گێڕانەوەی پەیوەندی دۆستانەیان، لەبەرامبەر سەرکوتکاریی تورکی دژبەهەردووکیان یەکبگرن."

لەکۆتایی دیدارەکەدا، بڵاوکراوەی (Pro Armenia) ئاماژەی بەدۆخی دیاربەکرو هەڵوێستی کوردو ئەرمەنەکان داوەو قسەی لەو باج و بزنانەو سورانەیە کردووە کە وەک رێورەسمێکی دەرەبەگایەتیی، لەناوچەکە وەرگیراوە. پاشتر ئاماژەیداوە بەوەی کە نازانرێت رێکەوتنی کوردو ئەرمەنەکان چەندە بەسوود دەبێ ئەگەر عوسمان پاشا پرۆژەکانی خۆی جێبەجێبکات. ئەوەی کە چاوەڕێی دەکەین کە زیاتر شتی لەبارەوە روونبکرێتەوە، ئەوەیە رووداوەکانی دواتر دەیسەلمێنن. بەڵام پاش هەموو ئەمانە، ئەگەر ئەم یاخیبوونە لە گوفتارەوە ببێتە رەفتارو

کــردار، ئەوا هاوســۆزیی ئــێمە زیــاتر بــۆ ئەو دەڕوات تــاوەکو ســوڵتان.!!


Première Année — N° 3 — 25 Décembre 1900

# Pro Armenia

*paraissant le 10 et le 25 de chaque mois*

Rédacteur en chef : Pierre QUILLARD
Adresser tout ce qui concerne la direction à M. Pierre Quillard 10, rue Nollet, Paris

ABONNEMENTS :
France . . . . . . 8 »
Étranger . . . . . 10 »
Le numéro . . . . . 0 25

COMITÉ DE RÉDACTION :
G. Clemenceau, Anatole France, Jean Jaurès
Francis de Pressensé, E. de Roberty

Secrétaire de rédaction : Jean LONGUET
Mardi et Vendredi de 11 h. à midi, 17, rue Cujas

ADMINISTRATION : Société nouvelle de Librairie et d'Édition (Librairie G. BELLAIS)
17, rue Cujas, PARIS
TÉLÉPHONE : 801-34

*Pro Armenia* est en vente chez les libraires et dans les principaux kiosques de Paris.

## SOMMAIRE


A nos lecteurs. . . . . . . La Rédaction.
La Quinzaine. . . . . . . . P. Quillard.
Lettres de Diarbékir et d'Adana.
Les Kurdes et le Sultan . . T.
Nouvelles d'Orient. . . . . P. Q.
Documents :
Rapport sur le massacre d'Orfa (Livres Bleus). . . Fitzmaurice.
Bibliographie.


Nous nous imaginions à tort avoir expliqué avec netteté nos intentions. Il semble cependant que nous n'ayions pas encore été compris de tout le monde. Comme nous nous sommes fait une règle absolue de n'engager ici aucune polémique personnelle, en particulier avec ceux qui souffrent d'une façon ou d'une autre de la tyrannie hamidienne, nous sommes obligés de transcrire derechef notre déclaration première, en faisant remarquer que notre programme a un caractère immédiatement pratique et s'appuie sur des textes formels, dont la valeur n'est pas devenue caduque.

Nous avons donc dit et nous disons à nouveau :

*Que nous ne voulons ni réveiller l'esprit de croisade ni exciter à la haine de l'une des races ou des religions qui vivent ou sont professées sur le territoire ottoman.*

*Que nous nous occupons surtout des souffrances arméniennes parce qu'elles excèdent toute mesure et que l'Europe y peut porter remède en vertu des traités ;*

*Que nous ne parlons au nom ni d'un parti politique français, ni d'un groupe arménien ;*

*Que nous entendons, au contraire, faire œuvre d'union entre tous les hommes de cœur et de bonne volonté ;*

*Que nous désirons avant tout divulguer les atrocités commises et l'effroyable martyre d'un peuple en voie de disparaître ;*

*Que nous donnerons à nos lecteurs des faits précis et des documents authentiques plutôt que d'éloquentes considérations générales ;*

*Qu'enfin nous espérons ainsi atteindre le but que nous nous proposons d'abord : exécution de l'article 61 du traité de Berlin et des réformes demandées dans le memorandum du 11 mai 1895, que nous reproduisons ci-dessous :*

*Article 61.* — La Sublime Porte s'engage a réaliser sans plus de retard les améliorations et les réformes qu'exigent les besoins locaux dans les provinces habitées par les Arméniens et a garantir leur sécurité contre les Tcherkesses et les Kurdes. Elle donnera périodiquement connaissance des mesures prises a cet effet aux Puissances qui en surveilleront l'application.

*Memorandum du 11 mai 1895.*

1° Nomination des valis soumise a l'approbation des Puissances.

2° Institution d'un haut commissaire choisi par le Sultan et agréé par les Puissances avec plein pouvoir sur les valis pendant la durée de sa mission.

3° Institution d'une commission permanente de controle siégeant a la Sublime Porte et ou les ambassades « feraient parvenir directement par l'intermédiaire de leurs drogmans tous les renseignements et communications qu'elles jugeraient nécessaires ».

*LA RÉDACTION.*

## LA QUINZAINE

Fête et liesse officielle à Constantinople, le 8 décembre, pour l'anniversaire d'une bienheureuse naissance : le Sultan Abd-ul-Hamid, ce jour-là, avait cinquante-huit ans. Parce que, enfant sournois, adolescent hanté déjà par la peur d'une mort prématurée, khalife usurpateur, et bourreau de son propre frère, assassin de Midhat-pacha égorgeur de Turcs, égorgeur de Druses, égorgeur d'Arabes, égorgeur de Bulgares, égorgeur d'Hellènes, égorgeur d'Albanais, égorgeur de Yézidis, ce « despote fou d'épouvante », comme l'appelle Anatole France, a couronné son œuvre de sang par l'extermination, froidement conçue et méthodiquement exécutée, de trois cent mille Arméniens, des girandoles de lumière ont dessiné dans la nuit, sur les sept collines de Byzance, les ruines croulantes des monuments publics et les tours sveltes des minarets ; et sur la Corne d'or et sur le Bosphore, les stationnaires étrangers et les bateaux de com-

Source gallica.bnf.fr / Bibliothèque nationale de France

# LES KURDES ET LE SULTAN

Le correspondant du *Matin* à Londres, a eu une entrevue fort intéressante avec le général Osman-pacha, l'un des quarante fils du célèbre bey Kurde Bedrehan, qui fut interné dans l'Archipel en 1840, après une lutte épique contre la domination ottomane. Osman Pacha est le frère d'Abdurrhaman-bey, que le Sultan vient de faire condamner par défaut à la déportation perpétuelle dans une enceinte fortifiée. Il se dit prêt à prendre la tête d'un mouvement révolutionnaire dirigé contre Abd-ul-Hamid, dans les provinces d'Asie Mineure, où les Kurdes et les Arméniens réconciliés s'uniraient contre leur commun oppresseur. Voici ses déclarations :

« Je ne suis ici qu'en passant. Dès que la saison le permettra, par une route à moi connue, accompagné de partisans que j'ai non seulement en Europe mais même en Égypte, je vais regagner le Kurdistan. Mon peuple tout entier m'attend et je marche d'accord, la main dans la main, avec toute la population arménienne. Kurdes et Arméniens, secrètement armés, en ce moment, n'attendent que mon arrivée pour se soulever comme un seul homme et pour engager contre la Turquie une lutte à mort, une des luttes probablement les plus formidables que l'empire ottoman ait eu à soutenir.

« Ne voyez en moi ni un fou ni un rêveur. Je ne rêve point de briser les

liens qui rattachent le Kurdistan et l'Arménie à la Turquie ; ce que je veux, c'est arracher le Kurdistan à l'état d'anarchie et d'abjection sociale où l'a plongé le joug déshonorant de la Turquie qui a fait de ce peuple guerrier un instrument de tyrannie et de destruction au service de l'absolutisme turc, et qui l'a pour ainsi dire rayé du rang des nationalités civilisées.

« Ce que je veux, c'est me servir de mon influence incontestable sur la nation kurde pour rétablir l'ordre, la sécurité et la dignité nationale. Van, Diarbekir, Bitlis, Erzeroum, toutes les villes, tous les populations mêmes de la campagne attendent mon arrivée. Les armes sont déposées dans les endroits les plus divers, et aussitôt que j'aurai pénétré dans le Kurdistan, j'aurai une armée de 100,000 hommes prête à me suivre.

« Il n'est point de puissance qui puisse m'empêcher de fouler le sol du Kurdistan, et il n'est point de puissance qui, le jour où j'aurai foulé ce sol, puisse empêcher mes plans de se réaliser. Je tiens à dire hautement ce à quoi je suis résolu. Mon peuple m'attend et je veux qu'il sache que je vais vers lui. C'est un peuple fort à qui il ne manque qu'un chef énergique pour se montrer digne de reprendre sa place en se montrant capable d'obéir aux lois et de faire respecter ses libertés conquises. Mon peuple sait que je suis digne d'être le fils de mon père. De mon côté, je sais que mon peuple est digne d'avoir à sa tête quelqu'un qui est résolu à tout sacrifier pour lui faire rendre la justice à laquelle il a droit. »

La lettre de Diarbékir que nous publions ci-dessus, signale un grand mécontentement chez les Kurdes. Il est certain, d'autre part, que ceux-ci, en échange de divers impôts vexatoires et arbitraires qu'ils avaient coutume de prélever (impôt de *hafir* sur les troupeaux et les récoltes, impôt de *hala* sur les dots des filles), assuraient aux Arméniens une tranquillité relative et les défendaient au besoin contre d'autres tribus nomades. Depuis que le Sultan les a excités contre les Arméniens, ils observaient beaucoup moins fidèlement ce devoir quasi-féodal de protection.

